5/8


ئورگانی ناوەندی کۆمەلەی مارکسی - لینینی کوردستان

ژمارە / ١ / پایزی ١٩٧٨


---

بە بۆنەی وەرزنامەی کۆمەلەوە

لە روژهەلاتی ناوەراست دا نیەتەوەیەك ئەژی کە نیشتمانەکەی لە دوای یەکەم جەنگی جیهانییەوە بە پێی قازانجە ستراتیجی ، سیاسی ، ئابووری و بەترولییەکانی ئیمپریالیزمی جیهانی و کونەپەرستی تورك ، عەرەب ، فارس و کورد ، بێ گوێ دانە ئارەزوی دانیشتوانی ناوچەکە ، بەسەر دەولەتەکانی تورکیا ، ئیران ، عیراق و سوریا دابەش کراوە .

ئەگەرچی ئەم نەتەوەیە هەموی بەسەر یەکەوە ، بە ژمارە ، لە هەندێك میللەتونەتەوەی تری روژهەلات زورترە و نیشتمانەکەی لە کون دا مەلبەندی شارستانیتی بووە و خاکێکی بەپیت و فەری هەیە و خوێنی لە زور کونەوە لە پیناوی رزگاری دا لەخەباتێکی بێ وچانی خوێناوی دایە بە جورێکی ئەوتو کە بەشێکی گەورەی میژوی جەنگیی ناوچەکە پێك دێت لە پیکادانی ئەم و میللەتانی دراوسێ و لەشکرەکانی بیگانەو داگیرکەر ، بێ ئەوەی سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بە دەس هێنابێت و گەیشتبێتە یەکێك لە ئامانجە نەتەوەییەکانی .

بەڵام سەرەڕای چەوساندنەوەی سەختی نەتەوایەتی و دابەشکردن و پچڕپچڕکردنی سیاسی و ئابووری و زمان و فەرهەنگ ، سەرەڕای سیاسەتی فەراموش کردنی ئابووری و گومەلایەتی ، سیاسەتی راگوێزان و جێ پێ گورین و دەربەدەرکردن و جنسیە لێ سەندنەوە ، بڕسی کردن وهەژار خستن و ملك ومال زەوت کردن ، بە نیازی لەناو بردن و تەفروتونا کردن و تواندنەوەی ... هێشتا

- لە سەرزەوییەکی پێکەوە بەسەرا ودا ئەژی کە مەلبەندی کونیتی و بەدرێژایی میژو تیا جێگیر بووە و گەشەی کردوە و پێ گەیشتوە ،
- جگە لە جیاوازییەکی کەمی نیوان لە هجەکانی ، بنچینەی زمانێکی یەکگرتوی ئاخاftن و لەیەك گەیشتنی هەیە ، کە ئەشی ببیتە زمانی تەتەوەیی نوسین و ئاخافتن ،
- میژوویەکی شارستانی و جەنگی و سیاسی ناوکوێی هەیە ،
- خاوەنی خو و رەوشتی گومەلایەتی ، تەریت و دابی لەیەکچوی شیوەی ژیان ، فولکلور و بیرورا ... کە خوێ لە پێکهاتنی سایکولوجی لەیەکچودا ئەنوینیتەوە ،
- سەرەڕای سنوری سیاسی و لەیەك دابڕینی ئابووری و بەستراتەوەی بەچەند رژیمی جیاجیاوە بنچینەی ئابوورییەکی یەکگرتوی هەیە کە تائیستاش خوێ لە بازرگانی ناچاخی سەرسنورەکان و هاتوچوی خێل و هوزە رەوەندەکان و هاتوچوی کرێکارانی لادێ دا - ئەنوینیت .

ئەم میللەتەی کە رەنگە لەدنیای ئەمرودا ، تەنیا نەتەوەی گەورە بێت کە هێشتا نەك بەمافی سەربەستی چارەی خو نوسین و رزگاری نەتەوەیی نە گەیشتوە ، بەڵکو لە نیشتمانەکەی خۆیشی دا بە بیگانەو ناحەز ئەژمێردرێت و مافی مان و خوخەملاندن و گەشەکردنی نییە ، میللەتەبەش بەش و دیلەکەی ئیمپەریالیزمە کە ناوی کوردە .

گەلی کورد لە خاکەکەی خوی دا بیگانەیە ، بێ بەشە لە هەمو مافێکی نەتەوەیی ودیموکراتی ،

بگرە لە هەمو ماڤیکی مروڤی ئەم سەردەمە ، ولاتیکی بەپیت و جوان و دەولەمەندی هەیە کە شوینیکی جوگرافی گرنگی هەیە و دابەش کراوە و لە چەند سەرەوە ئەچەوسینریتەوە :

× چەوسینەرەوەکانی ها و نەتەوە - دەرەبەگ ، بورجوازی کۆسموپولیت و کومپرادۆری کورد.

× چینە کونەپەرست و چەوسینەرەوەکانی نەتەوە دەسەلاتدارەکان بەتایبەتی بورجوازی بیرۆکراتی .

× ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزمی نوی .

لەبەر ئەوەی گەل و نیشتمانەکەمان هەروەکو لە ریزی ولاتە هەرە دواکەوتوەکانی دنیا دایە، هەروەها لەنا و هەر یەکیك لەو دەولەتانەی بەسەریشیان دا دابەش کراوە لە ریزی ناوچە هەرە دواکەوتوەکانی ئەو ولاتەش دایە .

ئیمە گەرەکمانە و خەباتێکەین بو گورینی ئەم دوخە نالەبارە ...

خەباتێکەین بو نەهیشتنی چەوسانەوە بەهەمو شیوەکانییەوە : هی رەگەزی ، نەتەوایەتی ، چینایەتی ، دینی ، مەزەبی ...

خەباتێکەین بو گورین و نەهیشتنی پەیوەندی زالمانەی نیوان کورد و کورد ، هی نیوان کورد و حکومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان ، هی نیوان کورد و ئیمپریالیزمی جیهانی .

ئیمە ئەمانەوی بەخوشی و تیری وەکو مروف ، بە سەربەستی و ئازادی دور لە چەوسانەوە و ئازارو زور لیکران لەسەر خاکی باووباپیرانمان بە ئاشتی بژیین .

خەباتی کومەلەمان لەپیناوی ئەم ئامانجە رەوا و پیروزانەدایە ، کەئامانجی گەلەکەمانە .

خەباتی وەرزنامەی " کومەلە " ژ کە کوبونەوەی فراوانی کادرانی کومەلە لە تشرینی دووەمی ١٩٧٨ دا بریاری دەرکردنی داوە ، بەشیکە لەم خەباتە رەوا و پیروزەی کومەلەمان و گەلەکەمان .

وەرزنامەی کومەلە ، لە قوناغیکا دیتە کوری خەباتەوە ، کە خەباتی گەلەکەمان گەیشتوتە بەرزترین و بالاترین پلەی ، واتە پلەی خەباتی چەکدارانە ، واتە لابەلا کردنی ناکوکی - سروشت دوژمنانەو سەرەکی نیوان بورجوازی بیروکراتی رەگەزپەرست و شوفینی عەرەبی عیراق و نەتەوەی کورد لە ریگەی بەکارهینانی زەبروزەندگی شورشگیرانەو چەکەوە .

کومەلەمان ، لەم قوناغە گرنگ و بایەخ دارەی میژوی کوردستانی عیراق دا کە رووبەرووی فرمانەمیژوییەکانی سەرشانی بوە ، لە مەیدانە جیاجیاکانی خەبات و تیکوشانی سیاسی ، ئایدیولوجی ، پیشمەرگەیی ، ریکخراوەیی ... دا هەول ئەدات بو تەواوکردنی ئەم ئەرکانەلە ریگەی دەرکردنی وەرزنامەی " کومەلە " وەکە ئەبیت نوینەرەوەی ریبازی سیاسی ، فیکری، پیشمەرگەیی ... کومەلەو هەلگری مەشخەلی بیرورا کانی ئەو بیت و هەول ئەدات لەبەر تیشکی چرای مارکسیزم - لینینیزم دا ریگەی سەرکەوتنی خەباتی گەلەکەمان روشن بکاتەوە بەشدار-ببیت لە گەیاندنی مەرجەکانی سەرکەوتنی دا .

دەرکردنی وەرزنامەی " کومەلە " سی هەمین تەقەللای کومەلەیە بو دەرکردنی بلاوکراوەیەکی دەوری ریکوپیك ، کە ببیتە زمانی حالی کملك و بیرورا و هەلویستەکانی ئەو دەربڕیت لە رودا وەکانی کوردستان و عیراق و دنیادا .

تەقەللای یەکەم - دەرکردنی ئالای سور بو لە ساڵی ١٩٧٣ کە شەهیدی نەمر هاوری شەهاب - شیخ نوری دەوری سەرەکی گیرا و لەدوایدا بەهوی هەلومەرجی ئەوکاتەوە هەر سی (٣) ژمارەی لی بلاوکرایەوە .

تەقەللای دووەم - دەرکردنی ئالای شورش بو کە لە ئەیلولی ١٩٧٧ دا ژمارەی یەکەمی بەدەس پیشکەری و رەنجی شەهیدی نەمر هاوری شاسوار جەلال (ئارام) چاپ و بلاوکرایەوە ، بەلام شەهیدبونی هاوری ئارام پەکی دەرچونی بلاوکراوەکەشی خست .

تەقەللای سی یەم - دەرکردنی وەرزنامەی " کومەلە " یە کە ئەمە ژمارەی یەکەمەو ئومیدمان وایە بە هەول و خەباتی هەمو لایەکمان بتوانین هیچ نەبی هەر وەرزەی ژمارەیەکی لی دەربکەین .

× × × ×

فاشیسته‌کانی عیراق سوپاکه‌یان بو کوی ئه‌نیرن :
بو (جبهه‌ی شیمالی و بانی جولان ) ، یاخود بو چیاکانی کوردستان ؟

تاقمه کاربه‌دەسته‌که‌ی ئیستای عیراق چ وه‌کو حیزبیکی حوکم به‌دەست و چ وه‌کو رژیمیکی دەسه‌لات‌دار تا دیت له‌نا وه‌وه‌ی ولات ، له روژهه‌لاتی نا وه‌راست ، له‌نا و گه‌لانی عه‌ره‌ب ، له جیهان دا زیاتر ریسوا ئه‌بیت و راستیی نا وه‌روکی ته‌فره‌ده‌رانه و ساخته‌چی یانه‌ی قسه زل و به روکه‌ش شورشگیری یه‌کانی ده‌رئه‌که‌ویت .

له نا وه‌وه‌ی ولات دا ، سیاسه‌تی فاشیستی یانه‌ی ئه‌م تاقمه له زه‌وت‌کردنی ئازادییه دیموکراتییه‌کانی گه‌ل دا - ئازادی ریکخستنی سیاسی ، نه‌قابی ، پیشه‌یی راسته‌قینه ، ئازادی ویژدان و بیرکردنه‌وه و قه‌له‌م . ته‌نگ‌هه‌ل چنین ته‌نانه‌ت به باله جیاجیاکانی نا و حیزبه‌که‌ی خویان و دوست و ها وپه‌یمانه‌کانیان و هه‌ول دان بو به‌عسی کردنی هه‌مو خه‌لك و داخستنی ده‌رگای کاروژیان و حه‌وانه‌وه له‌سه‌ر خه‌لکی نا به‌عسی . سیاسه‌تی چه‌وتی ئابووری له کایه‌ی پیشه‌سازی و کشتوکال و بازرگانی و نه‌وت ... دا که له لایه‌که‌وه گیروگرفته‌کانی گوزه‌رانی ره‌نجکیشانی عیراقی قول‌تر و ئالوزتر کردوه ، چ له روی نزمی ئاستی گوزه‌ران ، که‌می ده‌رامه‌ت و نه‌سکه‌وته‌وه ، چ له روی که‌می که‌لوپه‌لی پیویستی ژیان و گران بونی نرخی شتومه‌ك و ته‌نگوچه‌له‌مه‌ی خانوبه‌ره‌و ها توچو - وه ، چ له روی ئاواره‌کردن و برسی کردن و هه‌ژار خستنی هه‌زاران خیزانی جوتیارانی کوردستانه‌وه ، وه له‌لایه‌کی که‌وه نه‌ك هه‌ر نه‌یتوانیوه سه‌ربه‌خویی ئابووریی عیراق به‌دی بهینیت به‌لکو به چه‌ندین دا وی ئالوزه‌وه قایم تر به‌ستویه‌تیه‌وه به توری دا و و ده‌زگای سه‌رمایه‌داری جیهان و کولونیالیزمی نوی وه . سیاسه‌تی شوفینی یانه‌و ره‌گه‌زپه‌رستیی له مه‌سه‌له‌ی کوردا که خوی ئه‌نوینی له جی به‌جی کردنی پلانی ته‌فروتونا کردنی کورد و گورینی روخساری نه‌ته‌وه‌یی کوردستان ، ئه‌مانه هه‌مو روی راسته‌قینه‌ی رژیمی ئیستای عیراقیان ، وه‌کو رژیمیکی فاشیستی ، ره‌گه‌زپه‌رستی دوژمن به‌گه‌ل ده‌رخستوه .

کاربه‌دەستانی عیراق ، له‌نا و گه‌لانی عه‌ره‌ب دا وه‌ته‌ق که‌وتون . خوهه‌لکیشان و دروو ده‌له‌سه‌کانیان له‌مه‌سه‌له گرنگه‌کانی عه‌ره‌ب دا ، خودزینه‌وه‌یان له به‌شداری کردنی هه‌مو هه‌نگاوه‌یکی جدی دا ، سیاسه‌تی تاوان کارانه‌یان له مه‌سه‌له‌ی فه‌له‌ستین دا به‌وه‌ی که ئه‌م تاقمه دوو جار (جاریکیان سالی ۱۹۷۱ له ئوردون ، جاریکی تر سالی ۱۹۷۵ له لوبنان ) ده‌ستی هیزه - شورشگیره‌کانی فه‌له‌ستینی یان بری و بون به‌هوی زیاد کردنی ناکوکی و کرژی له نیوان هیزه چه‌کداره‌کانی فه‌له‌ستین و هه‌ندی له ده‌وله‌ته عه‌ره‌بی یه‌کان دا تا ئاگری شه‌ره‌که‌یان هه‌لگیرساندو ئینجا به به‌هانه‌ی بی جی و نا پەسه‌ند پشتیان کرده فه‌له‌ستینی یه‌کان و که‌وتنه‌ئاژاوه نانه‌وه‌و به‌گژ یه‌کا کردنیان تا کار گه‌یشته پەلاماردانی ئاشکرای ریکخراوی رزگاریی فه‌له‌ستین و کوشتنی کادره‌کانیان له چه‌ند ولاتی جیاجیای ئه‌وروپایی و روژهه‌لات .

له دنیای ده‌ره‌وه‌ش دا ، نزیك که‌وتنه‌وه‌ی ئه‌م تاقمه له ده‌وله‌ته ئیمبریالیستییه‌کان و زیادبونی ته‌رازوی بازرگانی و ئالوگوری نیوانیان له‌سه‌ر یه‌ك ، ها وکاریان له‌گه‌ل رژیمه کونه‌پەرسته‌کانی نا وچه‌که بو کوژاندنه‌وه‌ی بزوتنه‌وه شورشگیری یه‌کانی گه‌لانی کوردستان و ئیران و عیراق و فه‌له‌ستین و خه‌لیج له‌سه‌ریکی تره‌وه روی راسته‌قینه‌ی ئه‌مانه‌ی ده‌رخستوه ، که چاکترین وینه‌ی خوی له‌و پشتیوانییه‌دا ئه‌نوینیت که رژیمی ئیران له رژیمی ره‌گه‌زپه‌رستی عیراقی ئه‌کات بو کوژاندنه‌وه‌ی شورشی کوردستانی عیراق و رژیمی ره‌گه‌زپه‌رستی عیراقیش له رژیمی کونه‌پەرستی ئیرانی ئه‌کات ئاری راپه‌رینی قاره‌مانانه‌ی گه‌لانی ئیران .

ته‌نگوچه‌له‌مه ده‌ره‌کی و نا وه‌کییه‌کانی رژیمی عیراق ، گه‌رده‌لولی گیروگرفته‌کان ، توند و تیژبونی خه‌باتی کومه‌لانی خه‌لکی کوردستان ، به‌هیزبونی خه‌باتی ره‌نجکیشانی عیراق ، وه‌ته‌ق که‌وتن و ریسوابونی له ده‌ره‌وه ... فاشیسته‌کانی عیراقی خستوته مه‌ترسی و بیرکردنه‌وه‌ی - دوزینه‌وه‌ی چاره‌ی خو ده‌رباز کردن .

به‌لام سروشتی چینایه‌تی و ده‌سکه‌وتی چینایه‌تی فاشیسته‌کانی عیراق ، وه‌کو فاشیسته‌کانی تری دنیا ، به‌ره‌و چاره‌ی بنه‌ره‌تی و راست و دروستی گیروگرفته‌کانی گه‌ل نایان بات ، به‌لکو

بەرەو چارەی نا بنەرەتی ، بەرەو پینەو پەروو ئەس برین و ساختەچیتی زیاتر ، بەرەو سات و سەودا و پیلان گیران ئەیان بات تا بەهەر جورە شیوەیەك بیت دریژە بە مانەوەی خویان بدەن .

جا بەم شیوەیە کەوتنەوە دوبارەکردنەوەی سیاسەتی دیماگوگی و قسەی دروو تەفرەدەرانە ، لەپر بە هەرا و هوریایەکی زۆر و موزیقای نا سازەوە کاربەدەستانی عیراق چەند بەیانیکی - دورو دریژیان خویندەوە ، لەسەر یەکیك لە گرنگترین مەسەلەکانی نەتەوەی عەرەب ، واتە مەسەلەی فەلەستین ، و کەوتنە پەیوەندی کوکردنەوەی وەزیرو سەروکەکانی عەرەب ...

مەسەلەی فەلەستین ، کە مەسەلەیەکە هەمو نەتەوەی عەرەب بەلایەوە مەسەلەیەکی چارەنوسیی گرنگە ، دەیان ساڵە لە لایەن کونەپەرست و رەگەزپەرست و چەوسینەرەوەکانی عەرەبەوە بازرگانی پیوە ئەکریت و ئەوانە بو سودی خویان بەکاری ئەهێنن لە چەوساندنەوەی گەلانی عەرەب و جێگیر کردنی حوکمە خوینا وییەکانی خویان و روتاندنەوەی رەنجکێشانی عەرەب و بەتالان بردنی سەروەت و سامانی نیشتمانەکەیان دا ، بی ئەوەی جگە لە سەرگەردانی و مال ویرانی زیاتر هیچ دەسکەوتیکی گرنگیان بو گەلانی عەرەب ، لەوانە فەلەستینی یەکان ، بەدەس هینابیت ...

خەباتی گەلی فەلەستین دژی ئیمپریالیزم و سەهیونیزم ، لەپیناوی بەدەس هینانی مافی سەربەستی بریاردانی چارەنوسی خوی دا ، وەکو خەباتی گەلی کوردستان دژی ئیمپریالیزم و رەگەزپەرستی بەعسی ، لەپیناوی بەدەس هینانی مافە دیموکراتی و نەتەوەییەکانی دا ، خەباتیکی رەوایە . خەباتی دوو گەلی ژیردەستەو دەربەدەرە .

گەلی فەلەستین و گەلی کوردستان لە خەبات و تیکوشان و شورش دا دوست و هاوپەیمانی یەکترین ، بزوتنەوەکانیان دوو ئاگردانی گری پیروزی شورشی گەلانی زورلیکراوی دنیان .

سەهیونییە رەگەزپەرستەکان کە گەلی فەلەستین ئەچەوسینەوەو خاکەکەی داگیر ئەکەن و خەلکەکەی دەربەدەر ئەکەن ، بەعسییە رەگەزپەرستەکانیش کە گەلی کوردستان ئەچەوسینەوەو خاکەکەی داگیر ئەکەن و خەلکەکەی دەربەدەر ئەکەن ... سەرەرای هەمو ئەو ناکوکییە روکەشەی لە نیوان یان دایە ، وە سەرەرای هەمو ئەو شیرو تیرەی لە دورەوە لە یەکتری ئەسون شاگرد و ماموستا ، دوست و هاوپەیمانی (مەوزوعی) یەکترین .

لەیەکچونیکی زور هەیە لە نیوان رەفتارو جوری بیرکردنەوەو کارکردنی رەگەزپەرستەکانی ئیسرائیل و رەگەزپەرستەکانی عیراق دا ...

هەروەکو لە یەکچونیکی زوریش هەیە لە نیوان مەینەتی و چەوسانەوەو دەربەدەری خەلکی فەلەستین و خەلکی کوردستان دا ...

لەگەڵ ئەمانەدا هەمو ، وە لەگەڵ ئەوەدا کە شورشگیرانی کوردستانی عیراق سروشتی رژیمی فاشیستی عیراق چاك ئەناسن و دلنیان لەوەی کە رژیمی وەکو ئیستای عیراق کە ئازادیخوازانی ولاتەکەی خوی ئەکوژیت و سەرئەبریت ، میللەتەکەی خوی بە درندانەترین شیوەی فاشیستی و رەگەزپەرستانە ئەچەوسینیتەوەو ئەکوژیت و تالان و دەربەدەر ئەکات ، ئابوریەکەی خراپ ئەکات ، سەروەت و سامانەکەی لەبەرد ئەدات و ئەدزی ، هیزە بەشەرییەکەی ئەروخینیت ، گوندەکانی بەرەز و باخ ، بەکانی و جوگا و پرد ، بە خانوو بەرە مزگەوت و هەنگەلانەوە ... تەنانەت بە دار و دەوەن و دەعباوە ئەسوتینیت و تیك و مەکان ئەدات ... ناتوانیت ببیتە دوست و پشتیوانی گەلیکی تر کە خاوەنی مەسەلەیەکی لەو بابەتە بیت و رزگاری بکات لە زولم و چەوسانەوەو لە دەربەدەرییەوە بیباتەوە سەر مال و حالی خوی ... بەڵام بزوتنەوەی نیشتمانی گەلی کوردستان ، هەر لە سەرەتای پەیدابونی گیروگرفتی فەلەستینەوە ، پشتیوانی تەواو و بی ئەندازەی خوی لە خەباتی گەلی فەلەستین دەربریوە ، بویە سەرای - هەمو ئەو شتانەی باس کران ، کە کاربەدەستانی عیراق بەیانەکەی خویان لەسەر بەشدار بونی عیراق لە خەباتی نەتەوەی عەرەب دا دژی سەهیونیزم بلاوکردەوە ، وە ئامادەیی خوی پیشان دا بو ناردنی سوپای عیراق بو جەبهەی شیمالی ،

یەکیتی نیشتمانی کوردستان بەناوی شورشی کوردستانی عیراقەوە پشتیوانیی خوی لە خەباتی گەلی فەلەستین دوبارە کردەوەو ئامادەیی خوی دەربری بو ئاسان کردنی جی بەجێ

ل ٥ ..... ژ/١ ..... کومه‌له

کردنی بریاره‌که‌ی کاربه‌دەستانی عیراق ، بو به‌شدار بون له خه‌باتی ره‌وای گه‌لی عه‌ره‌ب دا ، وه بو ناردنی سوپای عیراق بو جبهه‌ی شیمالی ... وه ئه‌م پشتیوانییه‌ی به نوسین ئاگاداری ریکخراوی رزگاری فه‌له‌ستین و سه‌رانی ده‌وله‌ته عه‌ره‌بییه‌کان و ته‌نانه‌ت سه‌رانی رژیمی عیراقیشی کرد ، به‌لام کاربه‌دەستانی عیراق له‌باتی ئه‌وه‌ی به‌دەم ئه‌و دەنگه دلسوزه‌ی شورشی کوردستانی عیراقه‌وه‌بین و ریگه‌و شوینی چاره‌ی راست و دروستی ته‌نگوچه‌له‌مه‌کانی ناو عیراق دا بنین و دەست بکه‌ن به ریکخستن و به‌هیزکردنی ریزه‌کانی به‌ره‌ی ناوه‌وه‌ی عیراق ، وه‌به‌ناردنی سوپای عیراق بو جبهه‌ی شیمالی ، وه‌کو خویان پی‌ی ئه‌لین ، میرشیکی به‌رین و فراوانیان هیناوه‌ته سه‌ر که‌رت و باره‌گاکانی هیزی پیشمه‌رگه له چیاکانی کوردستان و زنجیره‌یه‌ک شه‌ر و پیکادان له‌نیوان هیزه‌کانی پیشمه‌رگه و هیزه چه‌کداره‌کانی عیراق دا له هه‌لگورد ، قه‌ندیل ، پشده‌ر ، ئاسوس ، دوله‌ره‌ق ، شارباژیر ، شلیر له ماندگه‌کانی تشرینی یه‌که‌م و دوه‌م دا روی دا وه سه‌دان سه‌ربازو ئه‌فسه‌ر له‌م شه‌ره ره‌گه‌زپه‌رستانه‌یه‌دا ، شه‌ری ته‌فروتونا کردنی کوردو داگیرکردنی کوردستان دا ، کوژران و بریندار بون و له‌سه‌رما و به‌فرو بارانی کوردستان دا ره‌ق بونه‌وه ...

شورش به‌رپا کردن کاری کومه‌لانی خه‌لك خویه‌تی .

شورشی گه‌لی فه‌له‌ستین کاری خویه‌تی تا ئامانجه‌کانی نه‌یه‌ته‌دی به سه‌هیونییه‌کان و پیلانی کونه‌په‌رستانی عه‌ره‌ب له‌ناو ناچیت مه‌گه‌ر گه‌لی فه‌له‌ستین له‌ناو ببه‌ن .

شورشی گه‌لی کوردستان کاری خویه‌تی تائامانجه‌کانی نه‌یه‌ته‌دی به ره‌گه‌زپه‌رسته به‌عسییه‌کان و پیلانه‌کانیان له‌ناو ناچیت مه‌گه‌ر گه‌لی کوردستان له‌ناو ببه‌ن .

هه‌روه‌کو ته‌جروبه‌ی گه‌لانی دنیاش ئیسپاتی کردوه ، گه‌لان به ره‌گه‌زپه‌رسته‌کان له‌ناو ناچن ... گه‌لی فه‌له‌ستین به ره‌گه‌زپه‌رستانی ئیسرائیل له‌ناو ناچیت و گه‌لی کوردستانیش به‌ره‌گه‌زپه‌رستانی عیراق له‌ناو ناچیت ... له‌به‌ر ئه‌وه شورشه‌کانیان هه‌رسه‌رئه‌که‌ویت و به ئامانجه‌کانی ئه‌گات .

خوی

رزگاری کاری کومه‌لانی خه‌لك خویه‌تی ، هه‌ر گه‌له خوی‌ا رزگاری ئه‌کات و هیچ لایه‌کی تر ناتوانیت رزگاری بکات یا رزگاری به دیاری بو ببات .

رزگاری گه‌له‌کانی فه‌له‌ستین و کوردستانیش له‌م قانونه به‌ده‌ر نییه .

گه‌لی فه‌له‌ستین هه‌ر خوی ئه‌توانی خوی رزگار بکات ، هه‌ر وه‌کو به ره‌گه‌زپه‌رسته سه‌هیونییه‌کان له‌ناو نابریت ، به حکومه‌ته عه‌ره‌بییه‌کانیش ، له‌وانه ره‌گه‌زپه‌رسته‌کانی عیراق ، رزگار ناکریت ( ته‌جروبه‌ی ساله‌کانی ١٩٤٨ ، ١٩٦٧ ، ١٩٧٣ به‌لگه‌ی ئه‌مه‌ن ... ) .

کاربه‌دەستانی عیراق که دوژمنی گه‌لی کوردن دوژمنی گه‌لی فه‌له‌ستینیش ، گه‌لی کوردستان که دوژمنی کاربه‌دەستانی عیراقه دوست و پشتیوانی راسته‌قینه‌ی گه‌لی فه‌له‌ستینه .

سیاسه‌تی ته‌فره ده‌رانه‌ی ره‌گه‌زپه‌رسته‌کانی عیراق ، ناتوانیت گه‌لی فه‌له‌ستین رزگار بکات ، وه ناتوانیت دوستایه‌تی و هاوخه‌باتی شورشگیرانی کوردستان و فه‌له‌ستین تیك بدات ...

ا- جوامیر -

× × × ×

ئه‌ی پیشمه‌رگه قاره‌مانه‌کانی کوردستان :

هیچ خه‌باتیك له خه‌باتی شورشگیرانه‌ی ئیوه ره‌واتر نیه ، شه‌ری پیشمه‌رگانه‌تان شه‌ری پاراستنی نیشتمان و خانوبه‌ره‌و دیهاتی خوتانه ، شه‌ری شه‌ره‌فی نه‌ته‌وایه‌تی و پاراستنی ناموسی گه‌له‌که‌تانه که له‌ژیر جزمه‌ی په‌لامارده‌ره‌کان دا ئه‌پلیشیته‌وه ... با دروشمه پیروزه‌که‌ی - کوردستان یانه‌مان به‌رزتر به‌سه‌رتانه‌وه بشه‌کیته‌وه !

ئیران : " جزیرەی ئارام " یا " گومی خوین " ؟

- گەل لە خەباتی خوی دا دژی زوردارانی ئەشکیت ، زەرەری زور گەورەی لی ئەکەویت ، هەل ئەستیتەوە ، رەنگە جاریکی کەو بگرە چەند جاریکی تریش بشکیتەوە ، بەلام نامریت ، هەر هەلئەستیتەوە تا دواجار سەرکەوتنی یەکجاری بەسەر زوردارن دا بەدەس ئەهینیت .

زوردار لە چەوساندنەوەی گەل دا ، هەرگیز بە ئارەزوی خوی لەشانوی میژوو دانابەزیت ، هەتا ئەتوانیت بەرگری ئەکات ، خەلك ئەچەوسینیتەوە ، ئەکوژیت و ئەبریت ، تا دواجار بە یەکجاری ئەشکیت و لەناو ئەچیت .

ئەمە چکاوەی میژوی گەلانە .

- گەلانی ئیران ، دوای ئەوەی لە چەندین نەبەردا دژی شا توشی شکانی بەئازار و خوێناوی بون ، وا جاریکی کە بەرق و تورەبون و تونددوتیژییەکی شورشگیرانەی وا وە لە گلان هەلسانەتەوە کەلە میژودا رندەی نەبوە ...

ریژیمی شایش ، دوای ئەوەی لەچەندین نەبەردا سەرکەوتنی روکەشی بەدەسهینا لەتاو " جزیرەی ئارام " ەخەیالییەکەی دا ، لەسەر ئیسکوپروسکی قوربانییە نەمرەکانی گەلانی ئیران هەل نیشت ، وا جاریکی کەلکەوتوەوە بەر توفانی رق و غەزەبی لەکوژانەوە لەهاتوی گەلانی بژیندار ی ئیران ...

ریژیمی شا ، کە دەوری ژاندارمی پاسی بەرژەوەندەکانی ئیمپریالیزمی جیهانی لە روژهەلاتی ناوەراست دا ، وە لەکوژاندنەوەی ئاگردانی شورشەکانی ناوچەکەدا گرتبوە ئەستۆ ، کەوتوتە بەقین و روخان ...

- تەتەوەکەمان هەرگیز لەوری کونەپەرستانی ئیرانی لەبیر ناچیتەوە ، لەدامرکاندنەوەی خەباتی گەلی کوردا لە پیناوی مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی دا لە کوردستانی ئیران دا ، لە روخاندنی جەمهوری دیموکراتی کوردستان و کوژاندنەوەی بزوتنەوەکەی ٦٧ - ٦٨ لە کوردستانی ئیران دا ، هەرگیز ئەو قەسابخانانەی لەبیر ناچیتەوە کە بو تیکوشەرانی ئازادیخوازی کوردستان و ئیرانی داناوە ، هەرگیز هاوکاری ئەمان و دوژمنەکانی تری بو دامرکاندنەوەی خەباتی رەوای گەلەکەمان و پەیمان و خیانەتنامەکانی سەعداباد بەغداد ، بەنتو ، جەزائیر ... و لەباوەش گرتنی خائینەکانی کوردو تاوانبارەکانی شەری کوردستانی عیراقی لەبیر ناچیتەوە ، سروشتی دوژمنانەی چاکئەناسیت و چاک هەلسەنگاندوە ، هەر بویە کومەلانی خەلکی کوردستانی ئیران وابە جوشوخروشەوە بەشداری ئەم راپەرینە پیرۆزە سەربەرزانەیە ئەکەن ، وە هەربویە کومەلانی خەلکی کوردستانی عیراقیش وابە کولودل پشتیوانی قول و بێ ئەندازەلە خەباتی میللەتی ئیران ئەکەن دژی ریژیمی بوگەنی شا .

قورسایی ئابوری ، سیاسی ، سوپایی ... ئیران ، هوینی ستراتیجی و جورلی پیکهاتنی دانیشتوانی ، ئەهمییەتیکی تایبەتی وای ئەدەنی کە تەرازوی هیزەکانی ناوچەکە و دنیا بە هەر گورانیکی سەلبی یا ئیجابی لەودا ، ئەمیش بگوری و کاری خراپ یا باش بکاتەسەر بەرەی گەلان یا بەرەی ئیمپریالیزم و چەوسانەوە لە سەرانسەری دنیا دا .

زورانبازی نیوان گەلانی ئیران و ٣ کوچکەکەی ریژیم : شا ، ساواک ، ئەرتەش - هیشتا بە یەکجاری بەلایەك دا نەکەوتوە .

خەباتی گەل ، قوربانی زور ئەدات ، بەلام شەپول بە شەپول تادی بەرەو پیشەوە ئەچیت . دەرگا دامرکینەرەوەکانی لەولەت ، بەرگری سەخت و هارانە ئەکەن ، بەلام دەسەلاتیان تادی بەرەو بێ هیزی ئەروات .

ناکۆکییە مات و خاموشە جورا وجورەکانی ناو ئیران لەتاقیتەوەدان ، ئیران لەسەرچەقی ریگای وەرچەرخانیکی میژویی ئەوتودایە کەبە هیچ جوریك ناتوانیت بچیتەوە دوخی جارانی بەلام نەبونی حیزبیکی شورشگیری پیشرەوی بەهیزو کارامە ، کە بتوانیت سەرکردایەتی ئەم راپەرینە جەماهیرییە مەزنە بی وینەیە بکات بەرەو سەرکەوتنی یەکجاری ، کەموکوریەکی

دیارو ئاشکرایە .

زۆداوەکانی ئیران دەرسێکی بەنرخ و ماندەرە بو گەلەکەمان و تەجروبەیەکی تال و کوشندەیە بو فاشیستەکانی عیراقی هاوپەیمانی رژیمی شا .

خاموشی چەند ماڵگەلەمەوبەری ئیران و غەرایی و لەخوبایی بونی لەمەوبەری جەللادەکانی ئیران ، ئینجا هەڵدانەوەی ژیلەموی خەباتو تەقینەوەی کت و پر ،

خاموشی ئیستای عیراق و غەرایی و لەخوبایی بونی جەللادەکانی عیراق ، ئاخوچ تەقینەوەیەکی گەورەو مەزنی لەژیر ژیلەموی خەباتی گەلی عیراق دا مەڵاس داوە .

فاشیستەکانی عیراق و فاشیستەکانی ئیران ، کە بە حوکمی سروشتی چینایەتی چەوسێنەرەوەیان ، بە حوکمی دەسکەوتو قازانجی ناوکویی و دوژمنی ناوکویی یان " دوست و هاوپەیمان و پشتیوانی مەوزوعی " یەکترین ، دەمیکە دەستەکەیان کەوتوتە روو لە هاوکاری کردنی یەکتری دا ژی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی گەلانی ئیران و عیراق و میللەتەکانی تری رۆژهەلاتی ناوەراست دا . هەڵویستی دوژمنانەی کاربەدەستە فاشیستییەکانی عیراق لە رۆداوەکانی ئیران - پشتیوانی لە شا و رژیم و دەرکردنی ئایەتوللای خومەینی و گەلی تیکوشەری تری ئیرانی لە عیراق ، هەروەها پشتیوانی رژیمی ئیران لە هەول و تەقەللای سەرنەکەوتلوانەی رژیمی عیراق بو تەفروتونا کردنی گەلی کورد ستانی عیراق و کوژاندنەوەی شۆرشەکەی ... نمونەیەکی ئەو - هاوکاری و هاودەردییەیە کە چەوسێنەرەوەکان و زوردارانی سەرەرای ناکوکییەکانی ناو ریزەکانی خویان ، لە کات و شوێنی پێویستدا ، بەرامبەر بە یەکتری ئەیکەن و دەرای ئەبرن .

رەوتی میژو بە قازانجی گەلانە ، گەلانی ئیران ، درەنگیا زوو ، لە خەباتی خویان دا سەرئەکەون ، رژیمی شا ، درەنگیا زوو ، شوێن بو ئیرانیلکی ئازاد و پیشکەوتو و نوێ چول ئەکات ، گەلانی عیراق ، درەنگیا زوو ، لە خەباتی خویان دا سەرئەکەون ، رژیمی بەکر - صدام ، درەنگیا زوو ، شوێن بو عیراقیکی ئازادو پیشکەوتو و نوێ چول ئەکات ، گەلی کوردستان ، درەنگیا زوو ، لە خەباتی خوی دا سەرئەکەوی ، داگیرکەرانی کوردستان ، درەنگیا زوو ، شوێن بو کوردستانی ئازادو پیشکەوتوو نوێ چول ئەکەن ...

× × ×

بەنیازی چاکتر تێگەیشتن لە رۆداوەکانی ئیران ، لیزەدا باسیکتان پێشکەش ئەکەین ، کە بیرورای تایبەتی هاوری پوشوە و بە قەلەمی ئەو نوسراوە ، بەهیوای ئەوەی لە هەلیکی تردا باسیکی دریژتر ، قوڵتر ، فراوان تر و گشتلایی ترتان لەم رووەوە پێشکەش بکەین .

× × ×

هیرشی سەرمایەداری ئیمپریالیستی بو تالان کردنی ئیران لە سەرەتای سەردەمی بنەمالەی قاجاریەکانەوە دەستی پێ کردو لەسەردەمی بنەمالەی پەهلەوی دا گەیشتە ئەوپەری .

ئیران بەهوی سامانی زوروزەبەندی نەوت و گازەوە نیچیرگایەکی باشی ئیمپریالیزمە ( هەر رۆژی ۹۰۰/۰۰۰ بەرمیل نەوت بەس بو ئەمەریکا ئەچێ ) . ئیمپریالیزم بەهوی نوکەرانی خومالییەوە ، بەتایبەتی بورجوازی کومپرادور ئەیەویت ئەو کارانە جی بەجی بکات تاکو ماوەیەکی دریژتر بژی و جەستەی پر زام و کەلینی خوی پینەو پەرو بکات . رژیمی شاهنشاهی - پەهلەوی کە لاسایی کەرەوەی زولم و زوری سەدەکانی ناوەراستە بەشیوەی رۆژهەلاتیی ، بنکەیەکی باش و لەباری ئیمپریالیزمە . ئیمپریالیزم بەهوی بونی رژیمیکی لەو بابەتەوە ئەتوانیت بەوپەری دەسەلاتەوە ولات بروتینیتەوە ، رژیمی شایش کە لەناو جەماوەردا ریسوا و بی پشتیوان بوە بو مانی خوی پشتی بە ئیمپریالیزم ئەستورە .

زەوی داری زور گەورە پەیدابون ، کە زەویلەکانیان تەرخان کردوە بو بەرهەم هینانی ئەو بەروبومانەی کارگە ئیمپریالیستییەکان پێویستیانە (بونمونە کابرایەک لە جنوب کە ناوای بونەکدارە ۳۰/۰۰۰ هەکتار زەوی تەرخان کردوە بو گیایەک کە ناوی مارچوبەیە ، گیاکەش

هەموی بو ئەوروپا ئەنیردری بی ئەوەی قولیکی لە ئیران لی سەرف بکریت ) • دەولەت زەوی جوتیارە بچوکەکانی تیکەلی یەك کردوەو ئەو کشتوکالەی خوی ئەیەویت بەزورئەوەیان پی ئەچینیت و ناوی لەمە ناوە (شیرکەتی سیهامی زراعی) •

لە مەسەلەی ریفورمی زەوی (اصلاحاتی ئەرزی) دا باشترین زەوی بو زەوی دارەکان هیلرایەوە و هەندیکیش لە جوتیارەکان بونە خاوەن زەوی و لە نیوەشیان زیاتر بی زەوی مانەوە ، ئەو ریفورمە بوە هوی ئەوەی کە :

× زەوی دار بەشیوەیەکی بورجوازی فیری بەرهەم هینان ببیت ، مەکینە بکریت ، کریکار بگریت ، قەرز وەربگریت و قران بە قران حساب بکات •

× ئیمپریالیزم لە لادیکان دا رەگوریشە دابکوتیت ، بەتایبەتی پارەی بانکی بکەویتە گیرفانی جوتیارانەوە •

× هەمو ئیران بەشارو لادی وە ، بکەویتە ژیر دەسەلاتی دائیرەکانەوەو ناوەندیتی (مەرکەزییەت ) یەکی بەهیز پەیدا ببیت •

ئیران وا کەوتوتە ناو توری ئیمپریالیزمەوە ، هەمو شەپولیکی تەنگو چەلەمەکانی ئەو دەس بەجی ئەگاتە ئیران و میللەتی ئیران ، وەکو میللەتانی تری دنیای سی یەم ، سزاکەی ئەدەن •

هیرشی تالانکەرانەی ئیمپریالیزم راستەوخو یا ناراستەوخو هەندیك شتی باشی (لە روی سروشتی بورجوازییەوە )لەمەندیك شوین پیك هیناوە • لە تاران ، تەوریز ، ئیسفەهان ، عەبادان و بەندەرەکان پرولیتاریا (کریکاری سنعەتی) پەیدابوە کە ئەتوانی دەوری سەرەکی خوی لە خەبات دا ببینی • کارگەری گەورەو شاری گەورەی دروست کردوە • بەلام لەزور شوین تەنانەت ئەمەشی نەکردوە ، واتە گەشەکردنیکی لاسەنگی سیاسی و ئابوری .... پیکهیناوە •

دیارە پاراستنی ئەو هەمو سەرمایەو کارگەو داو و دەزگا ئیمپریالیستییە (هەر تەنیا ۴۱/۰۰۰ پسپور و شارەزای ئەمریکایی لی یە ) و نوکەرە خومالییەکان پیویستی بەزەبرزەنگ و ستەم و دەسەلاتیکی زوردارانەیە تا هەر زمانیك لە دژی ئەوان بدویت بی بریت • بەراستی رژیمی شا ئەوەشی کرد • (ساواك) ی دروست کرد ، (ئەرتەش) ی نوی کردەوە ، هەمو توانا و ئیمکانیاتی خوی بو داو و دەزگا دامرکینەرەوەکان تەرخان کرد • (نیوەی دەرامەتی ولات زیاتر تەرخان کراوە بو مەسرەفی ئەرتەش و ساواك و هیزە چەکدارەکانی تر) • لە ماوەی ۲۵ سالی رابردودا لەسەر کتیب خویندنەوە خەلکیان بە ۱۰ سال مەحکوم ئەکرد و لەسەر شتیکی پچوك ئیعدام ئەکران • هەزاران کەس بی تاوان لەژیر ئەشکەنجەدا کوژران یا لەسیدارە دران • ئیران کرایە زیندانیکی گەورەی کون بر •

ئەگەر ئیمپریالیزم هەژدیهایەکی حەوت سەر بیت ، ژاراوی ترین سەری بو کوردستان هاتوە : واتە بانك ، نە هیچ شتیکی تر •

لە هەمو کوردستان دا کارگەیەکی پیشەسازی گەورە نیە • بەزور نەهیلراوە پرولیتاریا پەیدا ببیت • خەلك هەر لە بازاریەوە تا جوتیاران ، تا بیناقایان لە قەرزی بانقەکان دایە • زورایەتی خەلکی کوردستان لە لادی ئەژی • هەمو روژیك کەلوپەل گرانتر ئەبیت ، جوتیار ناتوانیت زەویەکەی باش بەرهەم بهینیت چونکە بەروبومەکەی زور بە هەرزان لی ئەکرن و ئەوشتەی پیشی ئەفروشن زور گرانە • نرخی گەنم (کە بەرهەمی سەرەکی ولاتە ) لەگەل سالان فەرقیکی ئەوتوی نەکردوە ، کەچی نرخی برنج ، شەکر ، جل و بەرگ ، پیلاو ... بەکورتی هەر شتیکی بو ژیان پیویستە ۳ بەرامبەر یا ٤ بەرامبەر گران بوە • ئەو گرانیەش کە لە ولات دا پەی ئەلین تەوەرەم (ئاوساو : باکردن) شەپولدانەوەی تەنگوچەلەمەی ئیمپریالیزمە لە ئیران دا • لەو تەنگوچەلەمەیەدا جوتیار زەویەکەی بەجی ئەهیلی و بو کریکاری ئەچیتە شارەگەورەکان • لەبەهارەوە تا زستان ژمارەیەکی زوری لادیکان چول ئەبن و هەر ژن و منداڵ و پیرەمیرد لەماڵ ئەمینەوە • هەندیکیان ژن و منالیش لەگەل خویان ئەبەن بو ئیش • لە تاران ، تەوریز ، ئیسفەهان تەنانەت جزیرەی خارگ لە خلیج کریکاری کورد ئەبینریت • لە راستی دا کریکاری کورد لە سەرانسەری ئیران دا بلاوبوتەوە ، چ کاریك هەرزان ، سادە ،

قورس ، چه‌په‌ل ، یاخود نا‌ره‌حه‌ته به‌وانی ئه‌ده‌ن .

له‌شار چینیکی ناوه‌نجی پیك‌هاتوه که ته‌رز و قوله‌ی بانقه‌کان باری قورس کردوه . هه‌موو جوره بزوتنه‌وه‌یه‌کی چنایه‌تی یا نه‌ته‌وایه‌تی قه‌ده‌غه‌یه . رژیمی شا له ولات‌دا پشت‌به دوا-که‌وتو ترین چین و تویژه‌کانی کومه‌ل ئه‌به‌ستیت : به‌ده‌ره‌به‌گی چلکاو خور ، شیخ و خه‌لیفه و سه‌روك‌عه‌شیره‌تی کونه‌په‌رست ، ئه‌مانه گوچانی ده‌ستی رژیمن بو دامرکاندنه‌وه‌ی بزوتنه‌وه‌ی شورشگیرانه (ته‌نانه‌ت‌هه‌ندیکیان به‌و نه‌خوینده‌واری و دواکه‌وتوییه‌ی خوشیانه‌وه کراونه‌ته نماینده له مه‌جلسی شورای میللی دا ) .

کوردستان له‌روی ئابوورییه‌وه دواکه‌وتوترین جیگای ئیرانه . رژیمی شا خوی به ئه‌نقه‌ست به‌پی‌ی نه‌خشه‌و پلان به دواکه‌وتویی هیشتوویه‌تییه‌وه . ماوه‌ی هه‌ناسه‌دانی فه‌رهه‌نگی نه‌ته‌وایه‌تی نیه . نوسین به کوردی ، بگره جلی کوردیش له هه‌ندی شوین بو هه‌ندی که‌س قاچاغه . ته‌نانه‌ت کتیبی مه‌ولود نامه‌ش چونکه به‌زمانی کوردییه ، کتیب فروشه‌کانیان له‌سه‌ر گرت و حوکم دا .

جه‌ماوه‌ری کورد ، له‌روی چنایه‌تی ، نه‌ته‌وایه‌تی ، مه‌زهه‌بییه‌وه ئه‌چه‌وسینریته‌وه . کوردستان بوته جی گری کویره‌ی ناکوکییه‌کانی ئیران .

زولم و زوری سه‌ده‌کانی ناوه‌راست که له رژیمی شاهنشاهی دا خوی ئه‌نوینی ، زه‌مینه‌یه‌کی باشی له‌ناو ئیران دا خولقاندوه بو هیرشی ئیمپریالیزم . ده‌وله‌تی ۱۳ ساله‌ی هوه‌یدا سه‌رتاپا خیانه‌ت‌بو به خه‌لکی ئیران . ئیمپریالیزم هه‌ر گوشاری هینا ، ته‌نگوچه‌له‌مه‌کانی خوی به‌سه‌ر میلله‌تی ئیران دا سه‌پاند . ده‌رامه‌ت و سه‌روه‌ت و سامانی زور و زه‌به‌ندی ئیران سود-یکی ئه‌وتوی به‌ژیانی خه‌لکی ئیران نه‌گه‌یاند و له‌برسیتی و به‌له‌نگازی ده‌رنه‌هینان . که‌لو-په‌ل گرانتر بوو ، باره بایه‌خ و هیزی کرینی هاته خواری . ده‌وله‌مه‌نده‌کان ده‌وله‌مه‌ندتربون ، ره‌نجده‌ره‌کان هه‌ژارتر بون گیروگرفتی ژیان زورتر بو ، نان په‌یداکردن زه‌حمه‌ت‌تر بو ... هوه‌یدا لاچو ، ئاموزگارهاته جیگای به‌شکو بتوانیت پینه‌و په‌رویه‌ك بکات . به‌لام وه‌زعی ئیران له روی یاسای ئابوری و کومه‌لایه‌تییه‌وه ، له‌روی ناکوکییه‌کانی ناوخویه‌وه ، له‌روی په‌یوه-ندییه‌کانی به ئیمپریالیزمه‌وه شه‌ق و شرتر بو له‌وه‌ی ئاموزگار ئیشیکی پی بکریت‌بو چاره-سه‌ر کردنیان .

زه‌بروزه‌نگی رژیمی شاو نوکه‌ره‌کانی نه‌یان هیشت ناله‌ی خه‌لك بگاته گوی‌ی که‌س . هه‌للاو-بگزیکی زوریان خستبوه ولاته‌وه . شاوتی ئه‌بنی خه‌لك به‌ره‌و شارستانیتی گه‌وره (تمدن بزرگ) برون و هه‌تا چه‌ند ساليکی تر بگه‌نه ریزه‌ی ولاتانی پیشکه‌وتوی وه‌ك فه‌ره‌نسا . حیزبی ره‌ستا-خیز که بالوره‌ژه‌نی ئه‌م قسانه بو ، به‌زور خوی به‌سه‌ر خه‌لك دا سه‌پاندبو . شا له‌باره‌ی ئه‌م حیزبه‌وه وتی هه‌رکه‌س خوی له حیزب دا نا و نوس نه‌کات ، فری‌ی ئه‌ده‌ینه قه‌راخ سنور . هه‌مو حیزبیکی تر ، ته‌نانه‌ت ئه‌وانه‌ی سه‌ر به رژیمی شایه‌تیش بون ، ته‌ده‌غه کران .

ئه‌وه‌نده‌ی زه‌غت و زور و ستەم له‌سه‌ر خه‌لك قورس تر ئه‌بون ، ناله‌کان له سنگ‌دا پر له قین تر ئه‌بون ، تاکو له‌پردا ته‌قییه‌وه . ئه‌و ته‌قینه‌وه کت و پره هه‌م رژیمی گیژ کرد ، هه‌م ریکخراوه سیاسییه‌کان . چونکه هیچیان چاوه‌ری‌ی ئه‌وه نه‌بون .

له ۱۹ ی ده‌ی ماهی ۳۶ دا خه‌لکی شاری قوم دژی رژیمی شا هه‌ستان ، رژیم چه‌ند که‌سیکی لی کوشتن . ئه‌و کوشتاره له ئیران دل ده‌نگی دایه‌وه . ورده ورده رق و قینی خه‌لك زورتر بو ، ئاشکراتر بو ، تا ته‌قییه‌وه . روژی ۲۹ ی به‌همه‌ن (له یادی چله‌ی شه‌هیدانی قوم دا ) خه‌لکی یه‌ك میلیونی ته‌وریز راپه‌رین ، زوربه‌ی خه‌لکی ته‌وریز له راپه‌رینه‌که‌دا به‌شدار بون که دوو روژی خایاند . هیزی شاره‌بانی و ئه‌رته‌ش هاته سه‌ر جاده‌کان ، تانکی روسی و ئینگلیزی و ئه‌مه‌ریکی به‌رامبه‌ر خه‌لك راوه‌ستابون و فروکه به‌سه‌ر خه‌لکه‌که‌دا ئه‌سورایه‌وه . خه‌لك به دارو به‌رد له‌گه‌ل دوژمنی پر چه‌ك دا به‌شه‌ر هاتن . هه‌ر له روژی یه‌که‌م دا ۷۳ بانکی ئیمپریالیستی یان شکاند و ئاگر دا بی ئه‌وه‌ی خه‌لکه‌که قرانیکی لی لابده‌ن بو خویان . دائیره-کانی ده‌وله‌تیان سوتاند . به‌راستی خه‌لك هه‌رشتیکی سه‌ر به ئیمپریالیزم و رژیمی شایان بدیایه ئه‌یان سوتاند - واته دوژمنی خویان باش ناسی بو دروشمی دژی ئیمپریالیزم و رژیم به‌رز ئه‌کرایه‌وه و هوتاف به ئازادی خه‌لك و به‌ردانی گیراوه سیاسییه‌کان ئه‌کیشرا . خانو-به‌ره‌ی حیزبی ره‌ستاخیز که ۴۰ ئوتوموبیلی له‌به‌را راوه‌ستابو هه‌موی ئاگردرا . کریکار ،

بازاریی ، خویندکار ، مەلا ... بەشداری ئەم راپەرینەیان کرد . بەهوی دەسریژی عەسکەرەوە ژمارەیەکی زور شەهید و بریندار بون . رژیمی شا سەری سورما و دەری بری کە " تەوریزی - وەحشی مەغولن " . هەندیکی تر وتیان ئەوانە تەوریزی نین لە دەرەوە هاتون و گەلی قسەی تر . دوای ئەوە ، لە سەرانسەری دانشگاهەکانی ئیران دا راپەرینی خوینا وی دەستی پی کرد لە ۲۸ ی ئوردی بەهیشت (۱۹۷۸/۵/۸) دا لە پەلاماریکی خوینا وی رژیم دا ٤ خویندکاری دانشگای تەوریز کوژران و زوریش بریندار بون . شەپولی راپەرین قایم تر و فراوان ترو سامناك تربو . زور جیگای کەی گرتەوە . تاران ، ئیسفەهان ، مەشهەد ، ئەهواز ، کرماشان و هەندی شوینی تر دەستیان بە راپەرینی گەورە کرد هەر لە تاران لەیەك خوپیشان دان دا یەك ملیون کەس بەشدار بون ئەو راپەرینانە چ لەباری قولایی یەوە ، وە چ لە باری پانایییەوە لە میژوی ئیران دا بی وینە بون . جگە لە جەماوەری خەلك وەزارەتخانەکانیش ، دائیرەکانی دەولەت ، بانقەکان ، روژنامە نوس و فەرمانبەرەکانی ئیستگاکانی رادیو و تەلەفزیون ، فروکەوانی ، پوستە ... بەشداری مان گرتن و دەربرینی نارەزایی بون . تەنانەت هەندی لە نمایندەکانی مەجلیسی شورای میللی کە هەر بە شاپەرستی و دوژمنایەتی خەلك ناسرابون ، لە گفتوگوکانی ناو مەجلیس دا دریخی یان نەکرد ، لە ریسواکردنی رژیم . خەلك داوای روخانی رژیمی شا - هنشاهی و جی بەجی کردنی قانونی ئەساسی (دەستور) و پیکهینانی حکومەتیکی دیموکرات و عادیلانەی ئەکرد .

ئەم راپەرینە جەماوەرییە فراوانە کە بی نەخشەو پلان تەقییەوە ، روحانیەتی پیشکەوتنخواز - وجەبهەی میللی ، کە هەردوکیان پیشتر قەدەغە بون و زیگەی کارکردن و جمو جولیان نەئەدرا ، قوستیانەوە و کەم و زور کەوتنە ئاراستەکردن و بەریوەبردنی . پیویستە لیرەدا بگوتریت:

× هەندیك لە ریکخراوە سیاسییەکان لەسەردەمی چالاکی خویان دا لەباتی ئەوەی پەیوەندی بەهیزو پتەو لەگەل جەماوەر دروست بکەن توشی نەخوشی تیرووریزمی جیا لە جەماوەر (چەپ رەوی) بوبون ، وە هەندیکی تریش لە ئەوروپا توشی سەرگیژی دەمەتەقی و چەلەحانی (شورەوی باشە یا چین ؟) بون و ئەوکارەی لە ناوەوەی ئیرانیان ئەکرد بایەخیکی ئەوتوی نەبو (راست رەوی) . لەو زروفەدا هیچیان گوی یان لە نالە نالی خەلك نەبو ، وەختیکی ئەو نالەیە بو بەنەرەی شیرانە سەریان سورما و لەباتی بەریوەبردن ، بو خویان بەدوی کەوتن .

× لە ئیران روحانیەتی پیشکەوتنخواز رابوردویەکی ریبەرانەی هەیە لە خەباتی میللەتی ئیران دا . شیعە لای وایە یاسا دینییەکانی ئاینی شتیکی سابت و نەگور نین بەلکو ئەکری بەپەی گورانی هەلو مەرجی دنیا و ژیان ئالوگوریان تیا بکریت و " مرجع عالم تشیع " ئەتوانیت ئەو فتوایە بدات . واتە لەروی دینییەوە ناوەندیتی (سانترالیزم - مەرکەزییەت) یکی توندو تیژ هەیەو هەمو چاویان لە دەمی ئەو (مرجع) ەیە . (قیام تنباکو) ، (قیام مشروطیە) ، (قیام ۱۵ خرداد ٤۲) ... شایەدی ئەمەن .

بەپەی قانونی ئەساسی (دەستور) مەلا گەورەکان ئەبیت لە دانانی یاساکانی ئیران دا بەشدار بن و لەسەریان حساب ئەکریت . بەلام لە ماوەی ۲۵ سالەی دوای دا ئەوانیش بەر زولم و زوری رژیمی شا کەوتبون و چەندین ئایەتوللایان لی شەهید کرا و گیرا و دور خرایەوەو ماوەیان - نەدرا بەشدار بن لە ژیانی سیاسی ولات دا .

هەرچەندە ناکوکی چینایەتی و ناخوشی ژیان هوی سەرەکی و بزوینەری راپەرینەکان بو لە ئیران دا ، بەلام راپەرینەکان بەرگیکی دینییان لەبەر کرد ، بەتایبەتی سەبارەت بە نەبونی حیزبیکی شورشگیری پیشرەوی سەرانسەری ریکوپیکی وا کە جیی باوەرو متمانەی خەلك و پشتیوانی ئەوان بیت و بتوانیت رابەری یان بکات . وە سەبارەت بە دەس پیشکەری و دەوری هاندەرانەی مەلا گەورەکانی شیعە . ئەو بەرگە دینییە لە کوردستان دا نیە کە لە شوینەکانی تری ئیران دا هەیە ، وە ئەو ناوەندیتی یەش لە مەزەبی سونەدا نیە کە لەمەزەبی شیعەدا هەیە . لە کوردستانی ئیران دا ناکوکی چینایەتی ، نەتەوایەتی و مەزەبی بەشیوەیەکی تونند و تیژ هەیە . بەتایبەتی ناکوکی نەتەوایەتی ، لەبەر چاوی خەلك لە هەمو ناکوکییەکانی تر زوشنتر و دیارترە . رودا ویکی نەتەوەیی ئەیتوانی ناکوکییە مات و خاموشەکانی

ناو هه‌ناوی کومه‌لی کورد ستان بته‌قیته‌وه‌و جه‌ماوه‌ری کورد به‌ره‌و راپه‌رین ببات. ئه‌وه‌ش له ماوه‌ی مانگی ۱۹۷۸/٦ دا قه‌وما.

هه‌زیزی یوسفی که یه‌کیك بو له گه‌وره پیاوه‌کانی کورد پاش ساله‌های سال دیلی و زیندانی بون ئازاد کرا. پاش به‌ربونی به ماوه‌یه‌کی کورت مرد. بو ناشتنی ئه‌و تیکوشه‌ره مه‌زنه، هه‌زاران که‌س له سه‌رانسه‌ری کورد ستانی ئیرانه‌وه چونه مه‌هاباد و ئه‌وی بوه وینه‌ی کوبونه‌وه‌یه‌کی فراوانی خه‌لکی سه‌رانسه‌ری کورد ستانی ئیران. له‌م کوبونه‌وه جه‌ماوه‌رییه‌دا خه‌لك به‌ئاشکرا هاتن ئه‌دران بو خه‌بات، درودو سلاو ئه‌نیردرا بو شه‌هیدانی ته‌وریزو تاران و قوم. هه‌روه‌ها چونه سه‌ر گوری شه‌هیدانی سالی ۱۹٦۸ ی کورد ستان. خویندنه‌وه‌ی سرودی نیشتمانی له‌وی گه‌رم و گوریه‌کی زورتریان دا به کوبونه‌وه‌که. ئه‌م خه‌به‌ره له سه‌رانسه‌ری کورد ستان دا بلاوبوه‌وه. ورده ورده شه‌ونامه له شاره‌کان بلاوئه‌کرایه‌وه، رژیمی شا ریسوا ئه‌کرا، خه‌لکی بو خه‌باته‌کان ئه‌درا، پاریزگاری له یه‌ك و شورشی کورد ستانی عیراق ئه‌کرا. هه‌ستی نه‌ته‌وایه‌تی بوژایه‌وه‌و به‌هیز بو، گیانی شورشگیرانه ته‌قییه‌وه. له‌لایه‌ك خویان به به‌شیکی نه‌پچراو له نه‌ته‌وه‌ی کورد به‌گشتی دا ئه‌نا، وه له لایه‌کی تره‌وه له‌گه‌ل خه‌لکی ئیران په‌یوه‌ندی‌ها وخه‌باتی یان دروست کرد و بونه هاوده‌نگ.

ساواك ده‌سه‌لاتی له ئیران دا کز بو، دامرکاندنه‌وه‌ی راپه‌رینه‌که له‌سه‌رو توانای ئه‌وه‌وه بو. هه‌ر هه‌نگاویك بزوتنه‌وه‌که ئه‌چوه‌پیشه‌وه، رژیم جه‌للاد تر ئه‌بو.

ئاموزگار لاچو، شه‌ریفی ئیمامی به‌ناوی ده‌وله‌تی (ئاشتی میللی)ه‌وه هات به‌لام ئاشتی میللی گوللەو باروتی پیوه بو. راپه‌رینی گه‌ل به‌تین تر بو.

جله‌وی کاروبار له‌ده‌ست ساواك ده‌رچو، رژیمی شا ئینجا هیزی چه‌کداری هینایه مه‌یدانه‌وه. (ئه‌رته‌ش) خسته شه‌ره‌وه. سوپا که به‌ناو بو پاراستنی نیشتمان و سنوری ولات له هیرشی بیگانه دا مه‌زراوه‌و هه‌رگیز ئه‌م فه‌رمانه‌شی به‌جی نه‌هیناوه، له‌م جوره ولاتانه‌دا، له کاتی ته‌نگاوی چینه چه‌وسینه‌ره‌وه‌کان دا، درندایه‌تی و ده‌وری پولیس ئه‌بینیت.

له ۲۰ موردا د (۱۹۷۸/۸/۱۱) دا له ئیسفه‌هان حکومه‌تی نیزامی بو ماوه‌ی مانگیك ئیعلان کرا. پیش ئه‌وه‌ی مانگه‌که‌ی ئیسفه‌هان ته‌واو ببیت له ۱۷ شه‌هریوه‌ر (۱۹۷۸/۹/۸) دا له تاران و ۱۱ شاری گه‌وره‌ی تری ئیران حکومه‌تی نیزامی ئیعلان کرا.

حکومه‌تی نیزامی وه‌ره‌شه‌و گوره‌شه‌ی فه‌زمانده نیزامییه‌کان، بریق و باقی نیزه‌و چه‌کی سه‌ربازه‌کانی شا نه‌یتوانی خه‌لك بترسینیت و راپه‌رینه‌که‌یان دا بمرکینیته‌وه. هه‌ر روژی دوای ئیعلانی حکومه‌تی نیزامی له راپه‌رینی تاران دا به قسه‌ی ناراستی خودی ده‌وله‌ت، سه‌ربازه‌کان ۵۸ هاونیشتمانی ئیرانی یان کوشت و ۲۰۵ که‌سیشیان بریندار کرد.

هه‌ستان و راپه‌رین سه‌رانسه‌ری ئیرانی گرته‌وه، بزوتنه‌وه‌که گه‌رم ترو قول تر بو، شاره گه‌وره‌و بچوکه‌کان، هه‌روه‌ها شاره‌کانی کورد ستان راپه‌رین.

× له بوکان - دوو لاو ۱ موچه خورو ۱ قوتابی شه‌هید بون و ٤۰ که‌س بریندار کران. بو ناشتنی ئه‌و دوو شه‌هیده ٤۵,۰۰۰ که‌س له خه‌لکی هه‌مو شاره‌کانی کورد ستان له‌سه‌ر قه‌برانی بوکان کوبونه‌وه (بوکان خوی ۲۰,۰۰۰ که‌سه).

× له‌سنه ده‌یان که‌س کوژران و بریندار کران.

× له کرماشان ده‌یان که‌س کوژران و بریندار کران.

× له سابلاغ دوو که‌س کوژران ده‌یان که‌س بریندار کران.

× له‌پاوه (که خوی هه‌ر ۱۵,۰۰۰ دانیشتوی ئه‌بیت) هه‌ر له یه‌ك په‌لاماری دره‌ندانه‌دا ۱۸ که‌س کوژران و ۵۰ که‌س بریندار بون.

رژیمی شا بو کوژاندنه‌وه‌ی راپه‌رینی مه‌زنی گه‌لانی ئیران هه‌مو هیزو توانای خوی خستوته گه‌ر، ده‌زگا دامرکینه‌ره‌وه‌کانی، ساواك، ئه‌رته‌ش، هیزه چه‌کداره‌کانی تری چی‌یان پی‌بکریت دریغی ناکه‌ن، سه‌ره‌رای ئه‌مانه‌هه‌مو رژیم نوکه‌ره چلکاو خوره‌کانی خویشی خستوته شه‌ره‌وه دژی کومه‌لانی خه‌لك. سالار به‌گی جاف نماینده‌ی زوره ملی‌ی پاوه له مه‌جلیسی شورای میللی دا، که خوی له ئه‌سلدا خه‌لکی عیراقه‌و دوای شورشی ۱٤/ته‌موز که له چلکاو خوری

بنەمالەی پاشایەتی هاشمی کەوت ، لەترسی رق و قینی جوتیاران رای کرد بو ئیران و لە وی چلکاو خوریتییەکەی بو شا نوی کردەوەو ئەویش کردیە نمایندە ۰ لە پەلاماریك دا بو سەر خەلکی بەشەرەفی شارە خنجیلانەکەی پاوە ، خوی و گوپال بەدەستەکانی ۱۸ کەسیان کوشت و ۵۰ کەسیشیان بریندار کرد ۰ خەلکی ئیران دژی ئەم کارە نارەزایی تووندوتیژیان دەربری بە جوریکی وا کە دەولەت ناچاربو سالار خوی بگریت و سەرداری براشی کەلە ( ئاجودان ) ی شا کارئ ئەکرد لە نوکەرایەتی دەرکرا ۰

لە ۱۰ ی ئابان (۷۸/۱۱/۱ ) دا ۰۰۰ ۳۷ کریکاری سنعەتی نەوت ماندگرتنەکەیان گەیشتە ئەوپەری ، دلوپیك نەئەنیردرا بو دەرەوە ۰ رژیم روژی ۵۷ میلیون دولار زەرەری لی ئەکەوت کریکارانی گازیش مانیان گرت و گازیش راوەستا ۰ زوربەی کارگەکانی تریش بەشداری مان - گرتن بون ۰ ئەم ماندگرتنانە زەرەری ئابوری زور گەورەیان لە رژیم داوە ، وای لی هاتوە کەهەر ماندگرتنیك لەشی بریندار ی رژیمی زیاتر ئەکولاندەوە ( سەرانی رژیم ترسیان لی نە - نیشت و کەوتنە فراندنی پارەو نارەزایی بو دەرەوەی ولات ) ۰

هەر لە ۱۰ ی ئابان دا ۰۰۰ ۶۰ کەس بەرەپیری تیکوشەری ناسراو غەنی بلوریان چو کەدوای زیاتر لە ۲۰ سال زیندانی بون لە ئەنجامی خەباتی کومەلانی خەلك دا ، لە گەل هەندی گیرا - وی سیاسی تر ، رژیم بەناچاری ئازادی کردن ۰ ئەم هەزاران کەسە لە هەمو شارونا وچەکانی کوردستانی ئیرانەوە چوبون بو پیشوازی ۰ چوار روژ دوایی تر خەلکی شارەکانی بانە ، بوکان ، سەقز ، خانە ، نەغەدە ، شنو ۰۰۰ لە سەردەشت کوبونەوەو دژی رژیم خویان پیشان دا ۰ لە مەریوان جگە لە خەلکی شار ، خەلکی دیهاتیش بەشداری راپەرین بون ۰ خەلکی گوندی دارسەیران راپەرینیکی گەورەیان کرد دژی ئاغەکەیان کە زەویيەکانی لی زەوت کردبون ۰ بو دەربینی نارەزایی دی کەیان چول کردتو بەکومەل رویان کردە سنوری کوردستانی عیراق ۰ ئەم رودا وە لە هەمو ئیران دا دەنگی دایەوەو روژنامەکان لە سەریان نوسی ۰

رودا وەکانی کوردستانی ئیران ئەگەر چی ئەویش بەشیکە لە راپەرینەکەی گەلانی سەرانسەری ئیران ، بەلام هەندی تایبەتی خوی هەیە لەوانە :

× ئەگەر لە شوینەکانی تری ئیران مەزهەب ، یاخود دین بزوینەریکی گرنگی راپەراندنی کومەلانی خەلکە ، لە کوردستان دا ئەگەر چی هەندی مەلای گەورەو نیشتمان پەروەر دەوری - گرنگ ئەگیرن لە هوشیارکردنەوەو هاندانی خەلك دا ، بەلام بزوتنەوەکە بەرگیکی دینی یا مەزهەبی لەبەر نەکردوە ، بەلکو ناکوکی چینایەتی و خەباتی نەتەوایەتی بزوینەری راپەر - ینەکەن و دروشمەکانیشی هەموی دیفاعە لە مافە چینایەتییەکانی کریکاران ، جوتیاران ، جەماوەری گەل وە لە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردستان ۰

× ئەگەر رودا ویکی گرنگ لە شاریك دا بقەومایە ، خەلکی لە زوری شارەکانی تری کورد - ستانەوە بە دەنگیانەوە ئەچون و بو پشتیوانی لەوان کوئەبونەوە وەکو ( کوبونەوەکەی - مەهاباد بەبونەی ناشتنی تەرمی عەزیزی یوسفی ، کوبونەوەکەی بوکان بەبونەی ناشتنی تەرمی دوو لاوی شەهید ، کوبونەوەکەی سەردەشت بو پشتیوانی لە خەلکی ئیران ۰۰۰) ئەم کوبونەوەیە وەنەبی هەر سەبارەت بە کەمی ژمارەی دانیشتوانی شارەکانی کوردستان بیت ، بەلکو وینە - یەکی یەکپارچەیی و هاوخەباتی خەلکی کوردستانە کە لە کەم شوینی ئیران دا بەدی ئەکریت ۰

× هەرچەندە ریکخراوی بچوك هەبون ، بەلام راپەرینەکان خوبەخو می جەماوەری گەل بون و ئەوان دەوری سەرەکیان نەبو لە ریکخستنیان دا ۰

× گەلی کوردستان بەشانی گەلانی تری ئیران دژی رژیم هەستاون ، وە خەباتی خویان لەگەل خەباتی سەرانسەری ولات دا گری داوە بی ئەوەی توشی نەخوشی نەتەوەیی بەرستی بەرچاوتەنگ بوبن ۰

× رژیم و داو و دەزگاکانی تورسایيەکی زورتریان خستوتە سەر کوردستان بو دامرکاند - نەوەی راپەرینەکە و بە جوریکی درندانەتر لە هی شوینەکانی تر بەگژیا دین ، چونکە ترسی ئەوەیان هەیە سەبارەت بە نەریت و سوننەتی شورشگیرانەی لەمیژینە خەلکی کوردستان ، مەسەلەکە لە خەباتی سیاسی روتەوە بگوریت بە خەباتی چەکدار ۰

× راپەرینی خەلکی ئیران رودا ویکی بی وینەیە ، رژیمی شای خستوتە بومەلەرزەیەکی وەها وە

که ئاماده‌یه هه‌مو شتیك بكات بو رزگارکردنی خوی به‌لام خه‌لكه‌که به‌چاره‌ی نیوه‌و نیوه چل رازی نابن . شه‌پولی مان گرتن به‌کی کاروباری ده‌وله‌تیی خستوه ، ژیانی ئابووری خستوته مه‌ترسییه‌کی گه‌وره‌وه . هه‌ندی سه‌رکه‌وتنی به‌ده‌س هیناوه به‌تایبه‌تی له‌به‌ردانی به‌شیکی گیراوه - سیاسییه‌کان دا . زه‌بروزه‌نگی رژیم و کوشتنی خه‌لکی بی تاوان نه‌یتوانیوه راپه‌رینه‌که دابمرکینیته‌وه .

× به‌لام ئه‌م راپه‌رینه راپه‌رینی خو به‌خوی خه‌لکی بیزارو نارازییه ، به‌چاکی ریك نه‌خراوه ، پارتییه‌کی به‌هیز یا سه‌رکردایه‌تییه‌کی یه‌کگرتوی نییه که هه‌مو ئه‌لقه جیا جیاکانی پیکه‌وه ببه‌ستیت‌تا تین و ته‌وژمی هه‌موی له کاتی وه‌شاندنی گورزیکی جه‌رگبردا کوبکاته‌وه . به‌رنامه‌یه‌کی دیارو دیاریکراوی نییه . راپه‌رینیکی بی چه‌که .

شاو داو و ده‌زگاکانی رژیم تاکه‌ی ئه‌توانن خویان له‌به‌ر لیشاوی رق و توره‌بونی خه‌لك دا رابگرن و تاکه‌ی ناکوکییه‌کانی ناو ئه‌رته‌ش هه‌روا به ماتی ئه‌مینیته‌وه‌و پاریزگاری له رژیمی شا ئه‌کات ! تاکه‌ی ئه‌م خه‌باته مه‌زنه له‌سه‌ر ئاستی خه‌باتی سیاسی - مان گرتن ، خوپیشاندان ، ده‌ربرینی نارەزایی و ، ... ئه‌مینی و ئاخو به‌م جوره هیچ سه‌رکه‌وتنیکی کاریگه‌ر و بریاردەر به‌سه‌ر رژیمی شادا به‌ده‌س ئه‌هینی ؟ و گه‌لی بی چه‌ك تاکه‌ی ئه‌توانی به‌ده‌ستی روت و بی چه‌ك به‌رامبه‌ر رژیمی پرچه‌ك رابوه‌ستی ... وه‌ئه‌گه‌ر رژیم و داو و ده‌زگاکانی هه‌ر به‌رده‌وام بون له‌سه‌ر به‌رگری پاراستنی ماینه‌وه‌ی خویان ئاخو خه‌باتی سیاسی پی نانیته قوناغی خه‌باتی چه‌کداره‌وه ؟ هه‌رچه‌نده جاروبار له‌م‌لاو له‌و لا ته‌ق و توق روو ئه‌دات و هه‌ره‌شه‌ی ده‌س دانه چه‌ك ئه‌بیستریت ، به‌لام هیشتا هیچ هه‌نگاویکی جدی به‌دی ناکریت بو خوگواستنه‌وه بو قوناغی خه‌باتی چه‌کدار ، ته‌نانه‌ت ئه‌و ریکخراوانه‌ی سالانی رابوردوش ئه‌وده‌روشمه‌یان هه‌لگرتبو ، له‌م هه‌یدانه‌دا شتیکی ئه‌وتویان لی به‌دی ناکریت .

رودا وه‌کان به‌خیرایی دین ، ئه‌م پرسیارانه به‌زویی وه‌لامی خویان وه‌رئه‌گرنه‌وه به‌لام ئه‌وی گومانی تیدا نییه ئه‌وه‌یه که سه‌رکه‌وتن هه‌ر بو گه‌لانه .

تشرینی دووه‌می ۱۹۷۸ پوشو

× × × ×

## ئه‌ی هه‌مو هیزه ئازادیخوازه‌کانی دنیا !

شه‌ری له‌ناوبردنی کورد و کوردستان ، شه‌ری ته‌فروتوناکردنی گه‌لیکی ئارام و ئاشتی و ئازادیخواز ، ئه‌و شه‌ره گلاوه‌یه که هه‌مو گه‌لان قه‌ده‌غه‌یان کردوه‌و به تاوانیکی گه‌وره‌ی دوژمن به مروفایه‌تی یان داوه‌ته قه‌له‌م ... با ده‌نگی ناره‌زایی و توره‌یی ئیوه‌ش بگاته گوی‌ی کاربه‌ده‌سته خوین ریژه ولات‌کاول که‌ره‌کانی به‌غدا ، با ده‌نگی هاوکاری و هاوده‌ردی تان له‌گه‌ل گه‌لی لیقه‌وماوی کوردستان له دول و شیوه‌کانی کوردستان دا ده‌نگ‌بداته‌وه‌و ببیته‌مژده هینه‌ری هاوخه‌باتی ئازادیخواز و پیشکه‌وتنخوازانی دنیا له‌گه‌ل گه‌لی تیکوشه‌رمان . خه‌بات بکه‌ن بو ریسواکردنی ره‌فتاری درندانه‌ی حوکمی عیراقی ، بو قه‌ده‌غه‌کردنی چه‌کی گشت کوژه فروشتن به عیراق که هه‌ر دژی جه‌ماوه‌ری کوردستان به‌کاری دینیت نه‌ك بو پاراستنی سه‌ربه‌خویی عیراق ، ئه‌و سه‌ربه‌خوییه‌ی کاربه‌ده‌ستان له له‌شه‌وداکارییه‌کانیان دا له‌گه‌ل ده‌وله‌تانی سه‌ر به ئیمپریالیزم ، بی شه‌رمانه پی شیلی ئه‌که‌ن . ده‌با هیزو پارتییه کریکاری و شورشگیره کانی جیهان ، ده‌با ده‌وله‌ته سوشیالیسته‌کانی دنیا ، بیریکیش له گه‌لی تیکوشه‌ری کوردستان بکه‌نه‌وه و واجیبی ئومه‌می خویان به‌رامبه‌ر جه‌ماوه‌ری ره‌نجده‌ری کوردستان به‌جی بهینن .

× × × ×

کومه‌له بخوینه‌ره‌وه !

یارمه‌تی مادی و مه‌عنه‌وی بده !

ره‌خنه‌ی لی بگره‌و پیشنیاری بو بکه !

ده‌نگوباس و وتاری بو بنیره !

بلاوی بکه‌ره‌وه !

## بەسەر ئاوی‌حەما میشەوە پیاوەتی وەها ناکریت

ژمارەی روژی ١٩٧٨/١٠/٢٦ روژنامەی (المحرر) ی مەغریبی درکاندنیکی وەزیری کشتوکالی عیراقی بلاوکردوتەوە ، کە لەکاتی سەردانەکەی دا لە دەولەتی پاشایەتی مەغریب فەرمویەتی : عیراق ئامادەیە ٢٠٠,٠٠٠ جوتیاری مەغریبی لە خاکی خوی دا نیشتەجی بکاو زەوی و زاریان بداتی و هەمو جورە یارمەتییەکیان بدات ... هتد

ئەم نیشتەجی کردنە بیگومان ئەبیت لەوشوینانەدا بیت کە رەگەزپەرستەکان لە خاکی کوردستانی عیراق یان دابریوەو خەریکن تەعریبی بکەن ، وە ئەمە بەشیکە لەو هەلپەیەی فاشیستەکانی عیراق ئەیکەن بو فراوان کردنی چوارچیوەی تەعریب و بەشدارکردنی کومەلانی رەنجکیشی عەرەبیش لەو تاوانە گەورەیەدا دژی گەلی کوردی دوست و هاوخەباتی عەرەب . هەر بو هەمان مەبەست رژیمی عیراق سالی ١٩٧٥ ریکەوتنیکی لەگەل میسر ئیمزا کرد بو هینان و جیگیر کردنی یەك ملیون جوتیاری میسری لە ماوەی ٤ سال دا بو عیراق ، هەرچەندە عیراق چەند تاقمیك جوتیاری میسری هینا و لە ناوچە تیکەلاو و نەوتاوییەکانی کوردستان دا جیگیری کردن ، بەلام ریکەوتنەکە بەهوی نەهاتنی ئەو ژمارەیەی جوتیارانی میسرەوە سەری نەگرت .

ئەمە لە کاتیکا کە زیاتر لە سەدا چلی (٤٠٪) جوتیارانی عیراق هیشتا بی زەوی و زارن و خیروبەرەکەتی " یاسا زوروزەبەندەکانی چاکردنی کشتوکال " یان بەرنەکەوتوە .

رەگەزبازیتی کاربەدەستانی عیراق گەیشتوتە رادەیەك کە ئەگەر عەرەبی عیراقیشیان دەس نەکەویت ، هەول بدەن لە هەر شوینیکی تربیت عەرەب پەیدا بکەن و بیان هیننە جیگای ئەو کوردانەی بەزور لە خاك و نیشتمانی باووباپیرانیان دەرکراون .

ئەمە جگە لەوەی کە لایەنیکی تری‌سیاسەتی رەگەزپەرستانەی بەعسیەکان دەرئەخات ، لەیەك نزیك کەوتنەوەو پەیوەندی دوستانەی نیوان رژیمی عیراق و رژیمەکەی شا حەسەنی دووەمی کونەپەرست ، دوستی سەهیونیزم و نوکەری ئیمپریالیزمی ئەمەریکی نیشان ئەدات و پەردەیەکی تریش هەل ئەمالیت لەسەر ریبازە پیشکەوتنخوازو سوشیالیستە دروزنەکەیان .

### خومەینی دەرئەکەن و
### پیشوازی لە شابانو ئەکەن

پەیوەندی دوستانەی نیوان رژیمی بەغدا و رژیمی شا لە ریکەوتنە ئیمپریالیستییەکەی ١٩٧٥ ی جەزائیرەوە تا دیت بەهیزتر ئەبیت و هاوکاری ئەم دوو رژیمە لەگەل یەك زیاتر ئەبیت .

صدام حسین لە قسەکانی ١٩٧٨/١٠/١٨ دا بە رونی دەری خست کە ( ئایەتوللای خومەینی ) یان لە عیراق دەرکردوە چونکە چالاکی نواندوە دژی رژیمی شا . دوابەدوای ئەمە بە ماوەیەك رفیق صدام پیشوازی لە ژنی شا کرد لە بەغداد و کەوتنە باسی پەیوەندی قول و برایانەی هەردوو رژیم .

ئەمە بەچاکی هەلویستی کاربەدەستانی عیراق دەرئەخات کە چەند کونەپەرستن و تا چ ئەندازەیەك دوژمنی گەلانن . لە کاتیکا گەلانی ئیران بە گشتی دژی رژیمی فاشیستی و کونەپەرستی شا راپەریون و خەریکن بە خوینی خویان ئەم رژیمە بروخینن و ئازادی و دیموکراسی بەدەس بهینن ، وە کاتیکا کە لە تەواوی دنیادا کەس لەگەل شا نەماوە جگە لە ئیمپریالیزمی ئەمەریکی و ژمارەیەکی کەمی نوکەرەکانی (وەکو سولتان قابوس) ، رژیمی بەعسی " سوشیالیست " هاوکاری خوی لەگەل ئەم رژیمە خوینریژەدا بەتین تر ئەکات ... ئاخو پی یان ئەکریت لەمە کونەپەرستتر بن ؟

بەلای ئیمەوە ئەمە شتیکی ئاساییە چونکە دوژمنانی گەلان لە هەر لایەك بن یەکتری ئەدوزنەوەو هاوکاری ئەکەن . پەیوەندی نیوان گەلانیش روژ بەروژ پتەوتر ئەبیت . بەم پی یە لە کاتیکا کە رژیمی بەغدا پشتی شای روخاو و ریسوا ئەگریت ، گەلی عیراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی ئەوپەری پشتیوانی خویان لە خەباتی قارەمانانەی گەلانی ئیران دژی رژیمی پەهلەوی دەرئەبرن .

## رژیمی عیراق چه‌ند مروف دوسته!

صدام حسین له قسه‌کانی ۱۹۷۸/۱۰/۱۸ دا له باره‌ی خیزانی ئه‌و پولیسه فه‌ره‌نسیه‌وه که‌یاسا-وله به‌عسیه‌کانی سه‌فاره‌تی عیراق له پاریس کوشتیان وتی : ئیمه ئه‌بیت یارمه‌تی ئه‌و خیزانه بده‌ین بو ئه‌وه‌ی خه‌م و په‌ژاره‌یان که‌م بکه‌ینه‌وه ، له‌به‌رئه‌وه‌ی ئیمه مروف دوستین و نامانه-ویت هیچ مروفیك زه‌ره‌ری لی بکه‌ویت ... هتد

به‌راستی روو قایمی و بی شه‌رمی هه‌روا ئه‌بیت. ئه‌مانه قسه‌ی یه‌کیکن ده‌زگایه‌ك به‌ریوه-ئه‌بات که مروفی له‌لا بی نرخ ترین سه‌رمایه‌ی ئه‌م دنیایه‌یه ، له‌وه‌ته‌ی هاتوته سه‌ر کار.

هه‌زاران روله‌ی تیکوشه‌ری عیراق یان به ناهه‌ق ، بی بریاری هیچ دادگایه‌کی ئوسولی ، کو-شتوه. هه‌ر له هاوری و هاوچه‌که‌کانی خویان ده‌یانیان سه‌رنگون کردو .. هه‌زاران روله‌ی-دلسوزی عیراق یان له‌سه‌ر بیروباوه‌ری جیاواز له زیندان توند کردوه‌و خیزان و که‌سوکاره‌کا-نیان بی خاوه‌ن و ده‌رامه‌ت به‌جی هیشتون. سه‌دان هه‌زار خیزانی ده‌ربه‌ده‌ر کردوه به‌شاران و ولاتانه‌وه ، ده‌ستیان گرتوه به‌سه‌ر خانوبه‌ره‌و که‌لوپه‌ل و زه‌وی و زاره‌کانیان دا ..

فاشیسته‌کانی عیراق ئه‌یانه‌وی به‌و جوره خوپیشان دان و قسانه روی ره‌ش و ده‌ستی خوینا‌وی خویان بشارنه‌وه. به‌لام خه‌یالیان خاوه چونکه نه‌ك هه‌ر خه‌لکی عیراق به‌لکو هه‌مو خه‌لکی دنیا له راستی رژیمه‌که‌یان گه‌یشتوه ، به‌لگه‌یه‌کی زیندوی ئه‌مه‌ش ئه‌وه‌یه که له‌کاتی رودا وه‌که‌دا-هه‌مو روژنامه‌کانی فه‌ره‌نسا تاوانه‌کانی رژیمی عیراقیان ریسوا کرد ، گه‌لی فه‌ره‌نسا حکومه‌تی فه‌ره‌نسه‌ی ناچار کرد دیپلوماته عیراقییه‌کان ده‌ربکات. خیزانی پولیسه فه‌ره‌نسییه‌که‌ش بیزی نه‌هات هیچ یارمه‌تییه‌کی ئه‌مانه وه‌ربگریت.

به‌لام ئایا ئه‌مانه ته‌ریق ئه‌بنه‌وه‌و بیریك له وه‌زعی خویان ئه‌که‌نه‌وه ؟ بیگومان نه‌ء ، چونکه ره‌فتاری فاشیسته‌کان هه‌میشه وه‌ها بوه‌و تا ئه‌و روژه‌ی له‌ناوچون له‌سه‌ر دوژمنایه‌تی کردنی خه‌لك به‌رده‌وام بون. کوردیش راستی گوتوه : توبه‌ی گورگ مه‌رگه!

## ده‌زگاکانی ئوتونومییه دروزنه‌که ئه‌و ده‌سه‌لاتانه‌ی دراونه‌تی که نین

له ناوه‌راستی کانونی یه‌که‌می ۱۹۷۸ فه‌رمانیکی " ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شورش! " ده‌رچوه ده‌رباره‌ی زیادکردنی ده‌سه‌لاتی لیژنه‌ی سه‌روی کاروباری ژورو (شیمال) وه سه‌روکی ئه‌نجومه‌نی یاسادانه‌رو راپه‌راندن (تشریعی و تنفیذی) ، که گوایه له کاروباری ناوچه‌که‌دا به‌پی‌ی-قانون ده‌سه‌لاتی وه‌زیره‌کانی حکومه‌تی ناوه‌ندی (جگه له وه‌زیری مالیه) یان هه‌بیت.

ده‌زگاداتاشراوه‌کانی فشه ئوتونومییه‌که‌ش به‌م بونه‌یه‌وه له شاری هه‌ولیر ئاهه‌نگیان گیرا. رژیمی ره‌گه‌زپه‌رستی عیراق له کاتیکا که کوردستانی له خوین و فرمیسك دا نقوم کردوه و به‌رده‌وامه له‌سه‌ر شه‌ری ره‌گه‌زپه‌رستی بو ته‌فروتوناکردنی کورد ئه‌یه‌ویت وای نیشان بدات که به‌م جوره گه‌شه به ئوتونومی ئه‌دات. به‌لام ئاخو به‌م پینه‌و په‌رویه ئه‌توانی کی هه‌ل بخه‌له-تینی ؟ هه‌مو گه‌لی عیراق ئه‌زانی که له میژوی عیراق دا هه‌رگیز وه‌زیر وه‌کو ئیستا بی ده‌سه-لات نه‌بوه ، هه‌روه‌کو له میژوی وه‌زاره‌تیش دا نه‌بیستراوه ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران نه هه‌بیت و نه کوببیته‌وه. هه‌مو که‌س ئه‌زانیت که وه‌زیر فه‌رمانبه‌ریکه که ته‌نها ده‌سه‌لاتی ئه‌وه‌ی هه‌یه فه‌رمانی ئه‌نجومه‌نی به‌عسییه‌کان جی به‌جی بکات. جا ئه‌بی ئه‌و ده‌سه‌لاتانه‌ی وه‌زیره ناوه‌ند-ییه‌کان چی بی که دراون به لیپرسراوانی ئوتونومی. ئایا ئه‌مانه خویان ده‌سه‌لاتیان هه‌یه تا به‌شی خه‌لکی تری لی بده‌ن ؟

× × × × ×

- هیوا -

**هاو نیشتمانانی به‌شه‌ره‌ف!** : خیزان و که‌سوکاری شه‌هیدان و گیراوه‌کان و پیشمه‌رگه‌ئه‌مانه-تن له ئه‌ستوی ئیوه‌دا ،
پاریزگاری یان بکه‌ن ، ئیشوکاریان بو جی به‌جی بکه‌ن!
له‌پیویستی دا به‌ده‌نگیانه‌وه بچن ، یارمه‌تی یان بده‌ن!

## لە دەفتەری سەروەری دا

جەمالە رەش : بەلگەنامەی قارەمانەتی

„ هیوادارم کەسوکارەکانم ، گەورەو بچوك ، لەسەر ئەو „
„ ریگایە برون کە منی لەسەر بوم ، چونکە تاکە ریگایە „
„ بو رزگاری گەلەکەمان و پاشەروژی روناکی لە دوایە „

جەمالە رەش ، وەسیتنامە

لە چلەکان دا ، خیزانیکی جوتیاری ، کە لە ئەنجامی گەیشتنی شەپولی تەنگوچەلەمە ئابوریە قولەکەی سەرمایەداری جیهانی بە عیراق و کوردستان ، لەگەل هەزاران خیزانە جوتیاری تردا گوندەکانیان بەجی هیشتبو وە بەشوین کاروناندا رویان کردبوە شارەکان ، ئەمیش لە گوندی حاجی مامەندی (بەرزنجە) وە روی کردبوە سلیمانی و مام عەلی مارف لەوی بو بوە کریکاری یەکیك لە ئاشەکان ، سالی ١٩٤٤ کوریکی بو ناوی ناجەمال .

جەمال لە باوەشی خیزانیکی کریکاردا ، کە دوایی ترسەبارەت بە تەنگوچەلەمەی ئابوری و گیروگرفتی ژیان و هەلومەرجی سیاسی سلیمانی ، هەستیکی چینایەتی بەهیزی تیدا پەیدا بو ، چاوی هەلهینا و گەورە بو . چوە قوتابخانە ، پاش تەواوکردنی قوناغی سەرەتایی ، لە قوناغی ناوەندی دا بەهوی گیرو گرفتی ژیانەوە نەیتوانی لەسەر خویندن بروا و ملی دایە بەر کار - کردن .

هەر لە هەرزەکاری یەوە تیکەلاوی خەباتی شورشگیرانە بو سالی ١٩٦٢ چوە ریزی پیشمەرگەی ناو شاری سلیمانییەوە ، وە بو بە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان . لە پیشمەرگایەتی دا وە لە ژیانی پارتایەتی دا نمونەی تیکوشەری چالاك و لەگیان بوردو و گورج و گول بو . هەر لە چالاکییەکانی پیشمەرگەی ناو شاردا جاریك بە سەختی بریندار بو .

سالی ١٩٧٣ دوای ئەوەی چوە ئەلقەی روشنبیریی کومەلەوە بو بە ئەندام . ئەندامەتی کومەلە گورینیکی بنەرەتی ئەوتوی لە ژیانی هاوری جەمال دا بەدی هینا ، کە هەمو ژیان و توانا و سامانی خوی بو کومەلەو بلاوکردنەوەی بیروباوەرەکەی و چەسپاندنی ریبازەکەی تەرخان کرد .

پاش ئاشبەتالی ١٩٧٥ هاوری جەمال یەکیك بو لەو کادرانەی کومەلە تەرخانی کردبو بوکاروباری یەکیتی نیشتمانی کوردستان ، ئەویش بەوپەری دلسوزی و ئازایەتییەوە هەمو ژیانی خوی بو مەسەلەی دامەزراندنی ریکخراوەکانی یەکیتی لەناو شارەکان دا ، وە بو مەسەلەی - پیکهینانی دەستەی چەکداری پیشمەرگەو ریکخستنی پیشمەرگەی ناو شار تەرخان کرد .

بو کاروباری ریکخستنی پەیوەندی نیوان ریکخراوەکانی یەکیتی لە ناوەوەی ولات و دەستەی دامەزرینەری یەکیتی لە دەرەوەی ولات ، دوو جار سەفەری بو دەرەوە کرد . دەوریکی گرنگی گیرا لە ریکخستنی یەکیتی و راپەراندن و هوشیارکردنەوەی کومەلانی خەلك دا ، وە لەریکخستنی دەستە چەکدارەکانی شاربازیر ، دولی ، سورداش ، قەرەداغ ... ، و پرچەك کردنیان دا ، جگە لەو چەند چەکەی لە ئاشبەتال دا بو کاتی دەس پیکردنەوەی خەباتی چەکدار ، شاردبونیەوە ، هەرچی پارەیەکی بە دریژایی ژیانی پەیدای کردبو هەموی دا بە ٤ - ٥ چەك بو پیشمەرگە .

مانگی کانونی یەکەمی ١٩٧٦ پاش ئەوەی کە ئیتر نەیتوانی دریژە بە تیکوشان بدات بەنهینی ، چوە ریزی پیشمەرگەوە ، لە پیشمەرگایەتیش دا خوی بو کاری سیاسی و هوشیارکردنەوە و پەروەردە کردنی سیاسی پیشمەرگەو کومەلانی خەلك تەرخان کردبو .

ئەو ماوەیەی کە لە ریزی پیشمەرگەدا بو بەشداری چەند شەریك بو لەوانە شەری گوندی بارویی (بازیان) لە ١٩٧٧/٨/١٥ دا کە چەند جاشیکی تیدا کوژران .

هەر لەو ماوەیەدا عوسمان شیخ فەرەجی ئاموزای کە هاوری ی کومەلە بو لەسەر هاوکاری و یارمەتی دانی پیشمەرگە لە لایەن جەللادەکانی عیراقەوە گیرا و لە زیندانی موسل لە ١٩٧٧/٩/٢١ لە سیدارە درا .

هاوری‌جه‌مال بو گه‌یاندنی یه‌کیك له کادرانی ح ش ع (وجده القاعده) چوه ناو شارو له‌وی بو خوشاردنه‌وه چو بوه ماله ناسیاویکی خوی ، ئه‌ویش به‌وپه‌ری نامه‌ردییه‌وه دوژمنی لی ئاگادار کرد و له ماله‌که‌ی ئه‌ودا گیراو برایه دائیره‌ی ئه‌من ، پاش ماوه‌یه‌ك برایه " الهیئه التحقیقیه الخاصه " له که‌رکوك و هه‌ر له‌وی‌حوکمی خنکاندنی دراو بو خنکاندنیشی برایه زیندانی موسل .

هاوری‌جه‌مال له زیندان نمونه‌ی تیکوشه‌ریکی خاوه‌ن بیرو باوه‌ری‌خوراگری قاره‌مان بو ، نه‌ك هه‌ر به‌رگه‌ی ئازارو ئه‌شکه‌نجه‌ی درندانه‌ی فاشیسته‌کانی عیراقی گرت به‌لکو بوبوه نمونه‌ی خوراگرتنی شورشگیران و به‌رچاو روناکی و ئومید به سه‌رکه‌وتن و شکانی دوژمن ، هه‌روه‌کو شه‌هید حامید حه‌مه ئه‌مین یاخسه‌مه‌ری له ژوری‌خنکاندنه‌وه له نامه‌که‌ی دا نوسیویه‌تی " هه‌مو گیراوه‌کان ئاخیان بو جه‌ماله ره‌ش هه‌لئه‌کیشا و ئه‌یان وت ئه‌و له‌سه‌ر چ ئاینیك بیت ، ئیمه‌ش له‌سه‌ر ئه‌و ئاینه‌ین . "

هاوری‌جه‌مال گالته‌ی به قه‌سابخانه‌ی دوژمن و زه‌بروزه‌نگی فاشیسته‌کان ئه‌هات ، دوای‌خوکم دانی به ئیعدام له نامه‌یه‌ك دا که بو هاوری‌ی نه‌مر شه‌هید ئارامی نوسیوه ئه‌لیت :

بو هاوری‌ی به‌ریزو تیکوشه‌ر
سلاویکی گه‌رمی شورشگیرانه‌ت‌لی بی

هیوام خوشی سه‌رکه‌وتنتانه ، هیوادارم هه‌مو کاتیك به‌ره‌و سه‌رکه‌وتن و به‌ره‌و پیشه‌وه برون .

۱ـ هاوری‌ئه‌و روژه‌ی که من هاتمه‌وه له‌گه‌ل قوباد ئیواره بو گه‌یشتینه لای‌شار ، به‌لام به نیسبه‌ت منه‌وه زور زوو بو رویشتمه مالی ئه‌و کوره‌ی ره‌فیقم وه ئه‌و نه‌یهیشت که له‌وی ده‌رچم ، به‌لام که که‌وته ئیواره چوبو خه‌به‌ری لی دابوم وه له‌وی گیرام ، به‌لام من هیچ مه‌جالم نه‌ما و هیچم پی نه‌کرا وه له‌دوای‌دا که گرتمیان ... له دوای دا پاش‌سیهه‌م روژ ده‌ستیان له لیدانم هه‌لگرت ، خاوه‌نی ماله‌که‌یان له‌گه‌لم له‌سجن دانا ، وه پی‌ی ئه‌وتم که چی ئه‌زانم بیلیم ، به‌لام من زوو زانیم که ئه‌ویان هیناوه بم روخینی ، به‌لام له‌پاش ۱۶ روژ له‌وی‌هیچ ئیستیفا‌ده‌یان لی نه‌کردم ، وه ئیعترافی ... لی پرسیم و له دوای‌دا بردمیان بو که‌رکوك له۹/٤ وه به گه‌یشتنی ئه‌وی له‌ژیر ئازار و ئه‌شکه‌نجه‌ی ئه‌وان دا بوم تاکو ۱۰/۲۲ . وه له‌وی‌چه‌ند قسه‌یه‌کم له‌سه‌ر خوم کرد ، وه هه‌ندی مه‌علوماتم ده‌س که‌وتبو له ئه‌من وتم ئه‌ویش به نیسبه‌ت مه‌لابه‌ختیاره‌وه که لای من بوه ، له دوای دا مه‌حکه‌مه کرام وه ئه‌مرم درا به سیداره‌دران . وه زور پیخوشحال بوم به‌وه‌ی که له‌سه‌ر ریگه‌ی‌سه‌ربه‌رزی و کول نه‌دانه واش‌ئه‌زانم که گه‌لی ئیمه له‌سه‌ر خوینی شه‌هیدانمان به‌ره‌و سه‌رکه‌وتن ئه‌چی ، چونکه هه‌ر ئیمه‌ین که میری له‌ته‌نزیمی ئیمه ئه‌ترسی ، وه‌کو بوم ده‌رکه‌وتوه له‌و پرسیارانه‌ی که لییان پرسیوم . وه منیش فه‌خر به‌وه‌وه ئه‌که‌م که له‌سه‌ر ریبازیکی مارکسی ئیعدام ئه‌کریم ، وه هه‌ر ئه‌و ئیعترافه‌ی که‌له‌سه‌ر خوم کردوه زور به پیویستم ئه‌زانی که من بمینم بو ئه‌وه‌ی که چه‌ند مه‌علوماتیکم ده‌ست که‌وتوه که بیگه‌یه‌نم به ئیوه‌ی به‌ریزو چونکه زور به پیویستم زانیوه ، چونکه ئه‌وه‌ی له‌گه‌لیان کردم له‌توانای هه‌مو که‌سیك دا نه‌بو .

۲ـ ... هیوادارم که به وردی تاقیبیك له‌وه بکه‌ن وه من شکم بو ئه‌و که‌سه ئه‌چیت که‌چه‌ند جاریك پیم وتویت وه ئه‌بیت ئاگاتان لی بی و بوم ده‌رکه‌وتوه که پیاویکی باش نیه .

۳ـ وه به نیسبه‌ت منه‌وه هیچ که‌سیك نییه خاوه‌نی ماله‌که نه‌بی .

٤ـ هه‌ندی‌هاوریم دیوه‌له که‌رکوك له‌ژیر ئه‌شکه‌نجه‌ی دوژمنا و هاوری‌ی خوشتن وه هه‌موشتیکم پی وتون له‌باره‌ی ئیمه‌وه .

٥ـ که چومه موسل له‌وی‌چه‌ند هاوری‌یه‌کم دی‌هی خومان که باسی مه‌لا مه‌حمودیان ئه‌کرد به باشه‌و ئه‌یان وت‌که زور پاله‌وانه‌و خوی به کومه‌له ئه‌زانی و ئه‌یان وت‌گریاوه‌و وتویه‌تی من له سیداره ئه‌دریم به‌لام میلله‌ت‌به دوژمنم ئه‌زانیت‌ئینجا هاوری‌یان وه‌عدی ئه‌وه‌یان پی داوه که گوایه به یه‌کیکی ئه‌زانین له ریزی‌شه‌هیدانی کومه‌له وه به ئینسانیکی تیکوشه‌ری گه‌لی کوردت‌ئه‌زانین . وه هه‌روه‌ها ئیمه‌ش‌هیوادارین که مه‌لا مه‌حمود به هاوری‌یه‌کی

کومەلە بزانن چونکە بەراستی پالەوانیتی خوی نیشان داوە وە یەکی بوە بە هەمو توانایەکی خویەوە دژی دوژمن تیکوشاوە .

٦ـ بە نیسبەت ئەو هاوریانەی کە ئەچنە بەر پەتی سیدارە بە نەشید و هیتافی وەطنی و مارکسییەوە ئەرون بەرەو پەت . وە بە نیسبەت دوژمنەکانمانەوە دین لیمان ئەپارینەوە کە قسە نەکەین و هیتاف و نەشید نەلیین بەلام هیچ شتیك نییە تەئسیر بکاتە سەر ئیمەو تاکو پەتەکە ئەکەن بەملمانا هەر لە قسەی خومان ناکەوین وە جەللادەکان ئەلین ئەوەتەی ئیمە لیرەین شتی وەکو ئیوەمان نەدیوە وە ئەوانەی لە سیدارە دراون .

۷ـ هاوری گیان ئەوا ناوی ئەو شەهیدانەم بو ناردن کە لە ماندگی ۸/۸ تا ۱۱/۱ لە سیدارە دراون و چەند کەسیکی کە کە لە دیوارەکە نوسرابو و باقی ئەوکەسانەی کە ماوین ئیستا ئیمە ۳۵ کەسین لەژوری ئیمدام ماوین وە هەر روژە بەرە بەرە لیمان ئەروات وەکو گورگ - چون لە رانەمەر ئەدات . جاری یەکی یان دوان ئەبات وە شەوی وا بوە کە ۷ کەسیان بەیەك جار کردوە . لەو شەوانە ۹۳ کەسیان لە ئەبوغریب ئیمدام کردوە .

۸ـ سلاو و ریزم هەیە بو هەمو هاوریانم یەك یەك ... سلاو و ریزم بگەیەنن بەو کەسانەی کە ئەم ناسن لە ناوچەکەدا ، داوای ئەوەتان لی ئەکەم کە لیم ببورن کە نەم توانی بەتەواوی هاوبەشی خەباتی تەواوی گەلەکەم بکەم و لە ریگەی شەریك دا شەهید بکریم زور پیخوشحال ئەبوم چونکە من تاکو ئیستا هیچ ئیشیکم بو نەتەوەکەم و بو رزگارکردنی کوردستان نەکردوە . وە بتوانم کە وا بەتەواوی خەباتیکی شورشگیرانە بکەم . وەکو ئینسانیکی راستەقینەی مارکسی - لینینی .

هاوریان ئەو کەسانەی کە دینە ئیرە هەمو ئیمان بە مارکسییەتئەهینن و ئەلین خوزگە لە پیشتر تی ئەگەیشتین ئەحمەد حەمە کەریمم دی .

لە کوتایی نامەکەدا هیوام سەرکەوتن و رزگاری کوردستان و کومەلەمانە .

هیوادارم هەر سەرکەوتو بن

ئیتر خوشیتان ئاواتمە

هاوریتان

نەبەز

۱۹۷۷ / ۱۱ / ۱

هاوری جەمال بەرلەوەی لە سیدارە بدریت ، هەرچەندە هەلیکی بو هەلکەوتبیت بە نامە پەیوەندی لەگەل هاوریکانی کردوتەوە و لەویشەوە هەر هاوریکانی هان داوە بو خەبات و لەسەر رویشتنی ریبازی کومەلە - ریبازی مارکسی - لینینی ... لە نامەیەك دا کە بو هاوریی ملازم عومەر عەبدوللا نوسیویەتی ئەلی :

کوردستان یا نەمان

هاوریی بەریزو شورشگیرم کاك عومەر تیکوشەر پیشکەش

سلاویکی شورشگیرانەت ئاراستە ئەکەم ، هیوام خوش گوزەرانیتە ، ئاواتم سەرکەوتنی ئیوە و شورشە پیروزە نوی کەمانە کە بە بیرو بروایەکی مارکسی - لینینی بەروەردە بکریت و سەرکەوتو بیت . کاکە گیان ... من زور باشم ، باشی ئیوە هەمو شتیکەو منیش سەرکەوتوتر ئەبم ، ئیستا خوم بە بەختیار ئەزانم کە لە ریگای کورد و کوردستان دا لە سیدارە ئەدریم و پیم ناخوش نییە بەلکو شانازی پیوە ئەکەم ، لە ئەوەل روژەوە ئەم ریگا پیروزەم بو خوم هەلبژاردوە ، لەپیش هەمو شتیکەوە دیاریم کردبو ، ئینسان لە نەتیجەی ئیش کردنەوە توشی هەندی هەلە ئەبیت ، بەلام الحمد لله لەدوای هەمو شتیك دوژمنە فاشیستەکان هیچ ئیستیفادەیان لە من نەکرد ، من ئیستیفادەم لەوان کرد و گەیاندومە بەجیی خوی ، ئیستا خوم بە رولەی میللەتی کورد ئەزانم ، چونکە دایك و باوکی ئیمە خاوەنمان نین ، میللەتی کورد و خاکی کوردستان خاوەنی ئیمەن ، ئیستاش پیویستیان پی یەتی کە ئیمە خومان لە-

پیناویا به‌خت‌بکه‌ین بو رزگارکردنی گه‌ل و نیشتمانه‌که‌مان .

داری ئازادی به خوین ئاوده‌ری ، قه‌ت به‌رناگری
سه‌ربه‌خۆیی بی فیداکاری ئه‌به‌د سه‌رناگری

منیش و ئه‌و هاوریانه خومان ئه‌که‌ین به سوته‌مه‌نی بو شورشه پیروزه‌که‌مان ... ئه‌وکه‌سانه‌ی که ئیمدام ئه‌کرین هه‌مو به‌ده‌ستی کورده خائینه‌کان توش بون و هیچ که‌سیك دوژمن نه‌یگرتون ، هیوادارم که ئاگاتان له‌و که‌سانه بیت و ئاگاتان له خوتان بیت ، هه‌روه‌ها به‌راستی رولله‌ی ئازا و نه‌به‌ردمان هه‌یه‌و ئه‌و که‌سانه‌ی که لیره شه‌هید ئه‌بن زور جێی شانازی و فه‌خره که ئیمه رولله‌ی وامان هه‌یه ...

له کوتایی دا ئاواتم سه‌رکه‌وتنی شورشه پیروزه نوی یه‌که‌مانه به رابه‌رایه‌تی چینی‌کریکار و فه‌لاح و دلسوزه‌کانی ... سلاو و ریزم بگه‌یه‌نه به هه‌مو پ م ه‌کان و هاوریانم ... هیوادارم که لیم ببوری ئه‌گه‌ر روژیك دلت‌عاجز بوبیت‌لیم .

بژی شورشه پیروزه‌که‌مان
بژی کومه‌له‌ی مارکسی - لینینی
بژی یه‌کیتی‌ی نیشتمانی‌ی

بـــــرات
جه‌ماله ره‌ش

جه‌ماله ره‌ش قاره‌مان پیش‌خه‌کاندنی به ماوه‌یه‌کی که‌م وه‌سیتنامه‌یه‌کی بو که‌سوکاری نوسیوه ، که پیش‌ئه‌وه‌ی ئیمه چاپی بکه‌ین ، خه‌لکیی خوێتان به ده‌سخه‌ت‌بلاویان کردوته‌وه ، که لیره‌دا بی له‌سه‌ر نوسین و له‌سه‌ر دوان ده‌قاو ده‌ق وه‌کو خوی بی ده‌سکاری (جگه له‌هی ئیملایی) بلاوی ئه‌که‌ینه‌وه که به‌راستی به‌لگه‌نامه‌ی قاره‌مانه‌تییه :

وه‌سیه‌تنامه

پی‌ی ناوی بو شه‌هیدی وه‌تـــه‌ن شـــیوه‌ن و گرین
نـــامـــرن ئـــه‌وانـــه وا له‌دلی میلله‌تا ئه‌ژین

هه‌زاران سلاو له گیانی شه‌هیده نه‌مره‌کانی شورشی کورد و شورشگیره ئازادیخوازه‌کانی جیهان .

بو دایکی خوشه‌ویستم ، باوکی به‌ریزم ، هه‌مو که‌سوکاره‌کانم ، هاوریکانم
سلاویکی کومونیستانه

باوك و دایکی خوشه‌ویستم : ره‌نگه پرسیار بکه‌ن و بلین روله بو واتله‌خوت‌کردو ئیمه‌شت به‌م ده‌رده برد ؟

بابه‌گیان ، دایه‌گیان

له‌پیرتانه چه‌ندین جار باسی له‌ناوچونی خومم بو ئه‌کردن ، له‌م ریگه پیروزه‌دا ، له‌پیناوی ئه‌م خاك و گه‌له‌دا ، ئیستاش وانه‌زانن که من له‌ناوچوم ، نه‌ك من و هاوریشه‌هیده‌کانم هه‌رگیز نامرین ، ئیمه بوینه‌ته سوته‌مه‌نی بو شورشه پیروزو نوی یه‌که‌مان ، کوردستان - تینویه‌تی و تینویتی خاکیش به‌خوین نه‌بیت ناشکی .

ئه‌مرو که خاکی پیروزو میلله‌ته‌که‌مان له‌مه‌ترسی توانه‌وه‌و نه‌مان دایه ، ناکری بلیـن : (کورم ده‌س به کلاوی خوته‌وه بگره .)

نه‌ء دایه‌و بابه گیان ، چونکه ئه‌و زولانه‌ی که خوێنیان رژاوه به‌سه‌ر خاکی کوردستان دا و له سیداره دراون هیچیان له کوره‌که‌ی تو که‌متر نه‌بون ، ئه‌وانیش هه‌مو دایك و که‌س و کار - یان هه‌بو ، به‌لام له‌گه‌ل ئه‌وه‌ش دا به‌وبه‌ری شانازی یه‌وه خویان به‌خت‌کردله ریگای رزگاری و

ئازادی گەلەکەیان دا .

بابە گیان

کاتیک ئەم ریگایەم هەلبژارد بو خوم ، زور باش ئەم زانی ئەم ریگایە سەخت و پر لەهە - لدیرو نشیو ، پر لە تەنگوچەلەمە ، بەلام لەگەل ئەوەش دا چاک ئەزانم سەرکەوتنمان راستییە- کەو لە دەستایە ، چونکە رولەی گەلەکەمان ریگەی راستی (م ل) ی هەلبژاردوە و شورشی تازەی پی بەرپاکردوە ، ئیمە تووماں چاندوەو رەگی داکوتاوە لە خاکماں دا ، زور باش ئەزانم - چیماں چاندوەو چیش ئەدرویندوە .

بابە گیان ، دایە گیان

گوی رابگرن لە قسەکانم وەک دایک و باوکی کوریکی شورشگیر . زور جێی شانازییە بو من کە گەلەکەم وەرم بگریت وەک شەهیدیکی خوی ، داوای لیبوردنیش لە گەلەکەم ئەکەم کەنەمتوا- نی لەوە زیاتر خزمەتی بکەم ، کە نەمتوانی ئەو نەخشەیەی کیشا بوم بو تیکوشان تەواوی کەم . پەتی خنکاندنی فاشیستەکان نەی هیشت ئەو نەخشەیە تەواو کەم .

بویە لیرەدا من و هاوری شەهیدەکانم لە ری ی رزگاری کوردستان دا خومان ئەکەینە سوتە- مەنی بو بەرزی مەشخەلی شورشە پیروزەکەمان بویە ئەلیم :

شەهیدین و کاروانیش لەرەوتایە — سەربەرزین و مەشخەلمان هەر لەگەردایە

رولەکانمان ئاواتازان ، بویە ئەلیین — سەرکەوتنمان راستییەکەو لە دەستدایە

دایە گیان بابە گیان

ئەی خوشک و برا و هاوری خوشەویستەکانم :

راستە ئەلین ژیان خوشە ، بەلام ئایا ئەزانن لەوە خوشتر خوبەخت کردنە لەپیناوی میللەت دا . مروفیک ژیان لەدوای خوی دروست بکات مردن نییە ژیانە ، ژیان لە مردنی ئەمروی ئیمە- دا بو نەوەی داماتو دروست ئەبی .

دایە گیان

رولەی خەلک بەرولەی خوت بزانە ، ئەوەش بزانە من بەتەنها رولەی ئیوە نیم ، بەلکو رولەی هەمو گەلی کوردم ، برواشم بە گەلەکەم هەیە کە دوای من سەرکەوی بەسەر دوژمنە - خوین ریژ و خوین مژو داگیرکەرەکەی دا ...

هەندی ئاموژگاریم هەیە بوتان و بو خزم و برایانی خوشەویستم ، بو خوشکەکانم

۱- بەهیچ جوریک دلی هاوری کانم نەیەشینن ، قول لیکی بدەنەوەو حسابیان بو بکەن ، ا دور- بین بن و حسابی کورتیان بو مەکەن ، من زور باشیان ئەناسم ، بە هیوام ئیوەش هەر وابن ، هیوادارم چون سەیری منتان ئەکرد هەرواش سەیری کاک ... بکەن ، چونکە زور خوشەویستی منە ، هیچ جیاوازی لەگەل من دا نییە .

هاوری کانی تریشم وەک کاک ... چونکە ئەویش خوشەویستی منە ، هیوادارم باقی هاوری - کانی ترم لەخوتان جیا نەکەنەوە .

۲- جلی رەشم بو نەکەن و سەربەرزو روو سور لەناو خەلک دا خوتان دەرخەن ، شین و شیوەن و شەپور ، گریان و یەخە دادرین و بەرگی رەش من ناگیریتەوە ، رازیم نییە لە مردنی خەلکی تردا ئیوە دیسان شین و گریان دامەزرینندەوە ، ئەمەویت هەمو سالیک یادم بکەنەوە ، لەو روژەی کە تیدا ئەدریم لەسیدارە ، یاد کردنەوەکەش بە شین و گریان نا بەلکو ئەگەر بوتان کرا بە گشتی بەرگی سور لەبەرکەن ، خوتان برازێنەوەو سرودی نیشتمانیم بو بلین سرودیک جەرگی داگیرکەران بخاتە لەرزە ، بەلام بە مەرجیک ئەو یاد و ئاهەنگە فرمیسکی تیا نەرژی .

۳- هیوادارم کە ئاگاتان لە گولزار و شاناز و قالە بیت ، چونکە زور حەزم ئەکرد نازی ئەو سیانە هەلگرم و خزمەتیان بکەم ، هیوادارم کە بی دلییان نەکەن .

بە نیسبەت قادرو شانازەوە مەکتەبییان پی تەواو بکەن ، ئاموژگاریان بکەن کە ئەبی زور باش بن ، بە نیسبەت گولزارەوە هەرکاتیک وەختی بەشودانی هات بیدەن بە کوریکی زور باش ، بە مەرجی خوی رازی لەسەر بیت .

٤ـ هیوادارم کە ئاگاتان لەمالی عوسمانی نامم بیت و ئاگاتان لە منداڵەکانب بیت ،بەتا-
یبەتی مستەفا چونکە هەز ئەکەم هەر بخەوینی تا خویندنەکەی تەواو ئەکات ، تکاتان لی -
ئەکەم بەتایبەتی لە براو خوشکەکانم ، خزم و پورەکانم ، خاڵم ، کورە مامەکەم ، پورزاکانم
، هەموخزم و کەسوکارەکانیم ، هاوری پەنرخەکانم ، تکاتان لی ئەکەم کە لیم ببورن و گەر-
دنم ئازاد کەن چونکە بەراستی زور ئازارم داون و توشی دەردی سەریم کردون تامنتان کردوە
بەم پیشمەرگەیە لە لەشکری سوریی کوردستانا ، هیوادارم هەموتان لیم خوش بن .

دایك و باوکە خوشەویستەکانم

هەولیك بدەن بو ئەوەی تەرمەکەم وەربگرنەوە ، هەرچەند ئەش زانم ئەم درندانە رازی نابن .
ئەم فاشیستانە ئیمەیان خزانوتە ئەم ژورە تەسکانەوەو بەدزی یەوە لە سیدارەم ئەدەن ،
تا ئیستا ١٦ قارەمانم دیوە کە لەسیدارەیان داون ، بەراستی ناتوانم باسی قارەمانیتیئەو
ڤلیرانە بکەم کە چون شیرانە رووەو پەتی سیدارە ملیان ئەنا ، کە چون شەرمەزاری و سەرشور-
یان ئەخستە دلی دوژمنی فاشیستەوە بەرادەیەك سەریان سور ئەما لە ئازایەتی و قارەمانیتی
رولەکانی گەلی کورد . بەرادەیەك یاساولە بەکری گیراوەکان ئەیان وت : حەیف بو ئـــــەو
رولە نەبەزو تیگەیشتوانە ، جا ئەگەر تەرمەکەشیان دانەوە ئەوا لای گوری شەهید(شەهاب )وە
بم نیژن ، خو ئەگەر نەشیان دانەوە ، هیچ دل گران مەبن چونکە یادگارم زورە لەمالەوە و
هەریەکەیان جەمالیکە بو ئیوە .
خوشەویستەکانم

زور باش بزانن کە میری دوژمن زور باش شکاوەو هیزی لەپەر براوە ، بویە لە مانگی (٨)ەوە
وە دەستی کردوە بە خنکاندنی هاوری کانمان لیرە (موسل) و لە بەغدا (ابوغریب) . تاکـــو
ئیستا (٥٥) قارەمانمان لە سیدارە دراون ، ئەگەر یەکیك ئیستا ئاگاداری ئیمە بوایە و
چاوی لەو پلنگانە بوایە کە چون وا بە پیکەنین و هوتافەوە رووبە رووی مەرگئەچـــن ،
حەزی ئەکرد بەشداریی ئەو ئاهەنگەی بکردایە .

زورم حەز ئەکرد لەگەل ئەو (١٢) قارەمانەدا بومایە کە بەم نزیکانە لە سیدارە دران و
لەگەل ئەوان پەتی خنکاندنم لەمل بکردایە ، بەوپەری شانازییەوە ئەلیم ، زور جیگای شانا-
زی و سەربەرزییە بو من کە گەلەکەم وەك شەهیدیکی خوی وەرم بگری ، بویە ئەلیم :

شەهیدین و کاروانیش هەر لە رەوتایە سەربەرزین و مەشخەلمان لەگەردایە

دایە گیان : ئەو شتانەی کە هەمە وەکو رەسم و کتیبەکانم هەلی گرن و رەسمەکانم بخەنە
ئەلبومەوە بو یادگار با بمینی ، هیوادارم کە زور ریز لەو هاوری خوشەویستانەم بگرن -
چونکە زور خوشەویستن لای من ، زور ریز لە سەبیح و ناهی و شوکری و پەروین بگرن چونکـــە
ئەوانە زور هیلاك بون لەگەلما وە بەتایبەتی مالی هیوام وایە لە خوای گەورە
کە تو و باوکم بچن بو حەج و چاوەروانی ئەوە ئەکەن و بلین جەمال رویشتوە .

داواتان لی ئەکەم بە زوترین کات ژن بو جەمیل بهینن ، بەراستی من زور قەرزاری ئیوەم
هەموتان ، ئیوە لەخوشی خوتان هەلگرتوەو خستوتانەتە سەر من بو ئەوەی من لەخوشیا بم و
رزگارم کەن ، بەلام بەداخەوە چونکە ئەمزانی کە ناتوانم لە چنگی ئەم دوژمنە پیسە رزگارم
کەن بویە هەموجاری پیم ئەوتن کە خوتان ئازار امەدەن و بارەی بەلاش خەرج مەکەن .

من ئەروم ، رویشتنیك کە ئیوەش ئەتوانن شانازی پیوە بکەن ، ژیانم هیچ خوشیی نییەپاش
هاوری قارەمانەکانم ، تەنها ئەوەم لا خوشە کە منیش وەك ئەوان بروم و بەشداریی کاروانی
شەهیدانی ریگەی شورشە نوی یەکەمان .

ئەم پارچە هونراوەیە پیشکەش بە براو خوشك و هاوری کانم ، بە کورپە ئازدارەکانیان ،
هیوادارم پییان لەبەرکەن :

لە جەژنـــا شادی گرەی دەرونم تیکەلاو ئـــەبی پـــەیمانی رونـــم
ئـــەنیرم بـــو تو و بو کوردستانم بو تو بزەی لیو بوئەویش گیانم

ئەم پارچە هەلبستەی خوارەوە هەلقولاوی پشتی شیشە رەشە پولایینەکەی دەرگای ژورە -

ته‌شکه‌کاتی ره‌دهه‌ی ئیمدا من ، پیشکه‌ش به منداله‌کانی ئه‌کهم و ئه‌مه‌ویت له‌به‌ریکه‌ن و یادی منی پی بکه‌نه‌وه .

کریکاریکی گوردی جه‌سورم — خه‌باتکه‌ریکی له‌شکری سورم
ده‌ربه‌ده‌ریکی هه‌زاری کوردم — پیشره‌وی چینم بویه‌وا گورجم
شورشگیریه ریبازو بیرم — کیوی حه‌مرینه هیلنی سنورم
ئه‌من پیشمه‌رگه‌ی خه‌باتی‌دورم — هه‌رگیز لانا ده‌م‌بو هیوای سورم

ه‌ـ دایك و باوکه خوشه‌ویسته‌کهم

دوباره‌ی ئه‌که‌مه‌وه‌و داواتان لی ئه‌که‌م که هه‌موتان و خوشك و برا و ئاموزا و پورزا و پوور و براژنم و خالوژنم هه‌مو لایه‌کتان دوست و ریك و ئاشت‌بن ، هه‌مو یه‌کترتان خوش‌بویت .

ماموستای مه‌زن ، لینین ئه‌لیت : ئه‌گه‌ر ئه‌ته‌ویت ئه‌و که‌سانه بناسیت که (م ل) ی راستن ، له‌نا و مال و که‌سوکاری دا سه‌یریان بکه ... ئه‌گه‌ر له‌گه‌ل ئه‌وان ریك بو ، ئه‌وا ئه‌توانیت که‌سانی تریش ریك بخات . جا من ئه‌م نمونه‌یه‌م له‌سه‌ر خوم هینایه‌وه ، که به‌و شیوه‌یه نه‌بوم ، به‌لام هه‌ر به‌و هیوایه بوم که‌وا بم ، وه ئه‌بوم ئه‌گه‌ر وانه‌بوایه ، خوتان زور چاك ئه‌زانن که زور رقم له ئاژاوه‌یه ، هه‌رگیز ریگا نه‌ده‌ن بیته ناوتانه‌وه ، هیوادارم که‌سوکاره‌کانم ، گه‌وره‌و بچوك له‌سه‌ر ئه‌و ریگایه برون که‌منی له‌سه‌ر بوم ، چونکه تاکه ریگایه بو رزگاری گه‌له‌که‌مان و پاشه روژی روناکی له‌دوایه .

دوای من به‌هیچ شیوه‌یه‌ك تیك نه‌چن ، روو سور و سه‌ر به‌رز له‌نا و خه‌لکا خوتان نیشان بده‌ن ، شیرانه بی ئه‌وه‌ی چاوه‌کانتان به قرمیسکه‌وه بیت ، چونکه من شه‌هیدم و بو شه‌هیدانی وه‌تنه‌ن : پی‌ی ناوی شیوه‌ن و گرین . داواتان لی ئه‌که‌م ژیرانه بیر بکه‌نه‌وه ، هه‌قی غوسمان نافه‌وتی . زور سوپاسی هه‌مو ئه‌و که‌سانه ئه‌که‌م که هاتبون بو مواجه‌هه بو لام ، زور سوپاسی ئه‌و که‌سانه‌ش ئه‌که‌م که ئین بو ته‌عزی که‌م . تکام وایه هیچ له‌وکه‌سانه نه‌گرن که نه‌هاتن بولام بو مواجه‌هه یان ناویرن بین بو ته‌عزی که‌م .

من خوم داوه به خنکاندن بو ئه‌وه‌ی بتوانم که‌سانی تر بپاریزم ، زور خوم به به‌ختیار ئه‌زانم که توانیم هاوری کانم له خنکاندن بپاریزم و به‌سه‌ر خوما زال بوم و گیانی هاوری کانم بپاریزم . هیوام وایه ئیوه‌ش روکه‌ش سه‌یر مه‌که‌ن ، به‌لکو دایلیکتیکی کاره‌ساتی من لیك بده‌نه‌وه . به‌قسه‌ی که‌سانی روخاویش ئالوز مه‌بن ، من راستم و له‌سه‌ر راسترین ریگاشم ، ریگه‌ی راستی (م ل) ی کوردستانی . شه‌هید بون له ریگای رزگاری ئه‌م گه‌له‌دا ئه‌وپه‌ری شانازی و سه‌ربه‌رزییه بو من .

ئه‌مه‌ش هه‌ندی له‌و هوتافانه‌یه که قاره‌مانه‌کانی ژوری ئیمدام ئه‌یلینه‌وه له کاتی ئیمدام کردنی قاره‌مانیکا :

- عاشت الحصبه الماركسيه اللينينيه منظمه الطبقه العامله الكردستانيه .
- ان تعذيبكم الوحشي و مشانقكم القذره لن تؤثر على مسيره ثورتنا الظافره .
- عاشت ثورتنا الوطنيه الديمقراطيه الشعبيه المندلعه في جبال كردستان .
- ضحينا باجسامنا ودمائنا من اجل كردستان - فقلنا للمشانق لا تنحني سنأتيك الان .
- ان الخط الماركسي اللينيني هي المبدء الوحيد لتحقيق النصر .
- يسقط حكام بغداد الاعداء الالداء للانسانيه جمعاء
- نجعل من كردستان مقبره للغزاه الطامعين .
- كردستان بؤره ثوريه لابطال العراق .
- اننا سنلتحق بقافله شهداء كردستان .
- فاشيسته‌كان جه‌للاده‌كان — ئه‌ی خوین مژه روو تاله‌كان
ئه‌لین ئه‌مانه‌ویل وئه‌سیرن — ده‌ست به که‌له‌پچه‌و کوت و زنجیرن
شه‌رته‌نه‌هیلم چاوم به‌ستنه‌وه — نه‌ت بینن بو مل ئه‌تمل ئه‌که‌م پیوه

سه‌عات چاره‌کی بویت بو (۱۲) شه‌و یه‌کی له هاوری یانمان ئه‌هینه ده‌ره‌وه‌و به‌ره‌و ژووری -

ئیعدام ئەیبەن ، ئیمەش دەست ئەکەین بە هوتاف کیشان و خواحافیزی کردن ، هەموهاوارئەکەین و ئەلیین :

" تقدموا یا ابطال ونحن من وراء کم "

وە لەوکاتەدا لە مەشنەقە بەرئەدرینەوە ئەلیین :

" هذه اعمالکم یا فاشیه ، هذه اعمالکم یا جبناء "

تاکو چەند دەقیقەیەك ئەم هوتافە دوبارە ئەکەینەوەو ئەلیین :

" داری ئازادی بەخوین ئاونەدری قەد بەرناگری
سەربەخویی بی فیداکاری ئەبەد سەرناگری"

ئیتر خواتان لەگەل

بو پیشەوە لەژیر ئالای سوری شورشە نوی یەکەمان دا

کوری شەهیدتان
جەمالە رەش

کەجەللادەکان ئاگاداری کەسوکاری هاوری جەمال یان کرد بچن بو دوا دیداری کورەکەیان لە زیندانی موسل ، سەدان کەس لەگەل دایك و باوکی جەمال چون بو سەردانی جەمال لە قەسابخانەکەی موسل ، هاوری جەمال لەوی لەو چەند دەقیقە کەمەدا تکای لە هەمویان کرد کە بوئەوەی دوژمن پییان خوش نەبیت کەس نەگری وفرمیسك نەریژی بەلکو دەس بگرن و بیکەن بە هەلپەرکی و سرود وتن .

هاوری ی کومەلەمان شەهید حامید حەمە ئەمین کە خوی شایەتی لەسیدارەدانی جەمالە رەش بوە لە نامەیەکیا بو کومەلە لەسەر هەلواسینی هاوری جەمال نوسیویەتی :

جەمالە رەش وتی :

جەنابی مدیر کە ئیمە موجریمین و موستەهەقی ئیعدامین بوچی نامان بەنە سەر شەقامەکانی موسل و لەبەر چاوی عالەم جار بدەن کە خەلك ئەکەین بەدارا بو ئەوەی کورد و عەرەب دەرس وەربگرن و کەسی تر بە غەلەتا نەروا ، بەلام درو ئەکەن . تەنها مەبەستتان ئیبادەکردنی میللەتی کوردە بویە لەم کونەدا ئیعدام مان ئەکەن ، ئینجا وتبوی بژی کومەلەی مارکسی - لینینی و ی ن ك وە بە ئەی رەقیب رویشتە بەر پەتەکەو کچانی سلیمانی دەوریکی باشیان - بینی لەگەل منالەکانیان بە سرودی ئەی رەقیب و ری ی خەباتمان و خەبات با بکەین ، ئیمجا لەبەر دەرکی زیندانەکە رەش بەلەك و شاییان کرد و خوا نەکا یەکیك فرمیسك بریژی . جەمالە رەش ئەیوت : یا ، ئەوانیش ئەیان وت یەعنی سجنەکان : یعیش .

بەم جورە دلی گەورەی هاوری ی قارەمانمان جەمال عەلی مارف لە نیوە شەوی ١٩٧٨/١/٢٨ لە لیدان کەوت بە دەستی جەللادە خوین ریژەکانی عیراق ، بەراستی هاوری جەمالە رەش بەوپەری قارەمانەتییەوە بە گیانی خوی پاریزگاری شەرەفی ئەندامەتی کومەلەی کرد و شایستەی ناوی (نەبەز) بو کە لە کومەلەدا لیی نرابو .

× × × ×

فاشیستەکانی عیراق ریز لە خویندەوار ئەگرن !

رەگەزپەرستەکانی عیراق دوای راگویزانی ناوچەکانی سنوری کوردستانی عیراق - تورکیا ، ئیران ، سوریا ، بە قولایی ١٠- ٢٠کم و چول کردنی نزیکەی ٢٥ هەزار کم چوارگوشە لە ئاوەدانی بریاریکیان دەرکردوە کە :

× هەر خویندەواریك لە ناوچە چول کراوەکان دا بگیریت حوکم ئەدریت بە ئیعدام

× هەر نەخویندەواریك بگیریت ٢٠ سال حوکم ئەدریت بە زیندان

## باسیکی تیوری

تیوری شورشگیرانە چرای روشن کەرەوەی ریگەی خەباتی شورشگیرانەیە ، هیچ بزوتنەوەیەکی شورشگیرانە بی تیوری شورشگیرانە نابیت و هەر حیزبیکی شورشگیریش ئەگەر چەکدار نەبیت بە تیوری شورشگیرانە ناتوانیت بە راستی و دروستی بچیتە بنجوبنا وانی رودا و و دەرکەوتەو گیروگرفتەکانی کومەل و هوی راستەقینەو چارەی راست و دروستیان بۆ بدوزیتەوەو ناتوانی سەرکەوتنی تەواو بەدەس بهینیت .

مەخابن کە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی سیاسی کورد لە روی تیوری و فەلسەفییەوە ، چ هی نوسەرانی کورد و چ وەرگیرا و لە زمانەکانی ترەوە هەزارە ، لەبەر ئەوە لەم ژمارەیەوە کومەلە هەول ئەدات هەر جارە باسیکی فەلسەفی یا تیوری پیشکەش بە خوینندەواران بکات بە جوریکی وەها کە لەگەل ئاستی تیگەیشتنی تیکوشەریکی سادەی کوردستان دا بگونجیت ، وە لە هەمان کات دا هەول ئەدەین ، بۆ زیاتر کەلک لی - وەرگرتنی لەگەل هەلومەرجی تایبەتی کوردستان دا بیگونجینین و بەرا وردی بکەین .

دەرگای ئەم گوشەیە ئاوالەیە ، بۆ بەشداربونی قەلەمی هەمو روشنبیرانی شور - شگیرو پیشکەوتنخوازی کوردستان و بۆ نیشان دان و دەربرین و لیدوانی ئازادانەی بیروڕای جیا جیای پیشکەوتنخواز ....

## چون مارکسیزم - لینینیزم فیر ئەبین ؟

لە نوسینی : توانا

مروف لەوەتەی بوتە خاوەنی هوش و بیری لە دەوروپشتی خوی کردوتەوە چەشنە نورپنیکی لەلا پەیدا بوە بۆ لیکدانەوەو هەلسەنگاندنی رودا و ، دەرکەوت و دیاردەکانی سروشت و کومەل .

مروف زور لەمیژە خولیای دوزینەوەی نهینی یەکانی سروشت و کومەل ، کەلکەلەی داڕشتنی جورە بیریکی گشتی لەبارەی ئەو شتانەوە کەوتوتە سەری . فەیلەسوفە دیرینەکانی یونانی کون ، دوای تر لەگەل رەوتی پیشکەوتنی زانیاری و زانستییە جیا جیاکان و ژیانی کومەلایەتی دا لەسەردەمی را پەرینی ئەوروپا و شورشی دیموکراتی سەرمایەداری دا ، هەندی لە فەیلەسوفەکان هەنگاوی گەورەو گرنگیان هاویشت بۆ گەلالەکردن و خەملاندنی بیریکی گشتی ئەوتو لەسەر گەردون کە بتوانیت رودا و و دیاردەکانی سروشت و کومەل بەراستی و دروستی شی بکاتەوە و بەتەواوی لیک بداتەوە ، یاساکانی گوران و گەشەکردنیان بدوزیتەوە : ئەم کارەش ئەرکی فەلسەفە بوە .

لیکدانەوەی رشتەیەکی رودا و و دیاردەو دەرکەوتە لەیەکچوەکانی سروشت و کومەل بە جیا جیا کارو ئەرکی زانستە جیا جیاکان بوە ، کاکلەی یاسا گشتییەکانی هەمو زانستییەکانیش ناوەرۆکی فەلسەفەی پیک هیناوە .

فەلسەفە - نورینیکی گشتییە بۆ گەردون (سروشت ، کومەل ، بیری مروف ) ، بۆ زانینی دیاردەکان ، رودا وەکان و نهینییەکانیان ، بۆ دوزینەوەی چونیەتی پەیدابون و گوران و گەشەکردنیان ، بۆ داڕشتنی یاسا گشتییەکانیان . بویە هەندیجار بە زانستی زانستەکان - ناسراوە ، واتە زانستی یاسا گشتییەکانی پەیدابون و گوران و گەشەکردنی دیاردە ، دەرکەوت ، رودا وەکانی سروشت و کومەل و بیری مروف .

مانای روتی وشەی فەلسەفە (کە لە فیلوسوفیای یونانییەوە هاتوە) " هەز لە زانین کردنە ، زانینی دنیا و مروف " . بەڵام کومەڵی زانستیی پوختکراوو یاسای دروستی داریژراوە لەسەر رشتەیەکی تایبەتی بەیەکەوە گونجاوو گری دراوی سروشت ، یان کومەل ، یان بیری مروف . بەم پییە زانست (اختصاص) و فەلسەفە (تعمیم) ی کوکەرەوەی تیایە .

نورینی گشتی ، هەر لە سەرەتای پەیدابونییەوە دوو جوری سەرەکی هەبوە ، کە رشتە و قوتابخانەی جیا جیایان لی بوتەوە :

یەکیان - رودا و ، دیاردە ، دەرکەوتەکانی سروشت و کومەڵی بردوتەوە سەر هیزیکی

نه‌دیوی نه‌دیاری نه‌زانراو ، ئه‌فسانه‌و چیروکی خه‌یالاوی له‌سه‌ر داناون ، زور شتی له‌لاوه‌ و له‌دواوه‌ بو هه‌لبه‌ستون و خستونه‌ته‌ سه‌ر بی گوی دانه‌ هینانه‌وه‌ی به‌لگه‌و ئیسپات ، ئه‌مه‌یان ناونراوه‌ نورینی ئایدیالی .

ئه‌وی تریان - دیتنی سروشت و کومه‌ل بوه‌ وه‌کو هه‌ن ، وه‌کو خویان ، بی خستنه‌ سه‌رو بو - هه‌لبه‌ستن ، بی داتاشین و شیواندن ، بی لیکردنه‌وه‌و بوزیاد کردن ، نواندنه‌وه‌یان له‌ میشکی مروف دا ، ده‌رخستنه‌وه‌یان به‌ پیری مروف وه‌کو خویان ، بی که‌م و زیاد ، وه‌ك وینه‌ گریکی لیزان و شاره‌زا که‌ هه‌مو لایه‌کی وینه‌ گیراوه‌که‌ به‌ (مجسمی) بخاته‌ به‌رچاو . ئه‌مه‌یان نورینی گشتی زانستی‌ی فه‌لسه‌فه‌ی مارکسیه‌ ، تیوری مه‌تریالیزمه‌ ، که‌ نورینیکی زانستییه‌ راستی‌ی له‌ واقیعه‌وه‌ ده‌رئه‌بریت ، ئه‌فسانه‌و گوته‌ی پروپوچ و خه‌رافاتی بی بناغه‌ ئه‌نیته‌ لاوه‌ .

فه‌لسه‌فه‌ی مارکسی وه‌کو تیوری ماتریالیزم به‌کار ئه‌هینی ، به‌ ریبازی لوجیکی راست و ره‌وا و پروگرامی دیاله‌کتیکی دائه‌گه‌ریت بو دوزینه‌وه‌ی یاساکانی په‌یدابون و گوران و گه‌شه‌کردنی دیارده‌کان و رودا وه‌کان و (مه‌وجودات) و (وقائیع) . ئه‌نگلز وتویه‌تی نورینی ماتریالیستی بو جیهان و سروشت ، بینینیانه‌ بی هیچ خستنه‌ سه‌ریك ، هیچ پیوه‌نانیك له‌ ده‌ره‌وه‌یانه‌وه‌ . تیوری ماتریالیستی و بینین و ریبازی دیاله‌کتیکی پیکه‌وه‌ ماتریالیزمی دیاله‌کتیکی یه‌ ، که‌ به‌ردی بناغه‌ی فه‌لسه‌فه‌ی مارکسی دائه‌ریژیت .

بویه‌ ئه‌گه‌ر بمانه‌وی به‌کورتی و به‌ پوختی ته‌عریفی فه‌لسه‌فه‌ی مارکسی بکه‌ین ئه‌شی بلیین که‌ :

فه‌لسه‌فه‌ی ماکسیزم - نورینیکی گشتی زانستی‌ی راست و دروسته‌ بو سروشت و کومه‌ل و بیری مروف که‌ کاکله‌ی یاسا هه‌ره‌ گشتییه‌کانی په‌یدابون و گوران و گه‌شه‌کردنی به‌ جوریکی زانستی دارشتون ، بو به‌کارهینانیان له‌پیناوی رزگارکردنی مروف دا له‌ هه‌مو جوره‌ ئازاردانیکی - نه‌ته‌وایه‌تی و چه‌وساندنه‌وه‌یه‌کی چینایه‌تی و زورداری و جیاوازی یه‌ك ، له‌پیناوی سه‌رخستنی شورشی زه‌نجده‌ران و زورلیکراوان و به‌رخوراوان دا ، له‌پیناوی سه‌رخستنی شورشی پرولیتاریا دا بو دامه‌زراندنی کومه‌لی سوشیالیستی ، کومه‌لی یه‌کسانی بی چه‌وسانه‌وه .

که‌واته‌ مارکسیزم فه‌لسه‌فه‌یه‌کی زانستی ، راست و ره‌وای ، تیکوشه‌رانه‌ی چینایه‌تی یه‌ ، هه‌میشه‌ زیندوو گیاندار ه‌ هه‌میشه‌ له‌ گه‌شه‌کردن و خه‌ملین دایه‌ . هه‌ر زوو کارل مارکس وتویه‌تی که‌ فه‌یله‌سوفه‌کان تا ئیستا هه‌ر جیهانیان شی کردوته‌وه‌ ، رودا وه‌کانیان لیك داوه‌ته‌وه‌ ، به‌لام له‌مه‌ودوا ئه‌بی لینکدانه‌وه‌ بو گوزین و پیشخستنی جیهان بیت . واته‌ هه‌ر له‌ سه‌ره‌تاوه‌ فه‌لسه‌فه‌ی مارکسیزم چه‌کیکی کاریگه‌ری خه‌بات و شورش ، چه‌کی ده‌ستی چینی پرولیتاریا و ره‌نجده‌ران بوه‌ ، خوینده‌واره‌ هوشیاره‌کان تیژیان کردوه‌و داویانه‌ته‌ ده‌ست ره‌نجده‌رانی زورلیکراوو چه‌وساوه‌ بو به‌کارهینانی ئه‌ژی داگیرکردن و زورلیکردن و ئازاردانی نه‌ته‌وایه‌تی و چه‌وساندنه‌وه‌ی چینایه‌تی ، ئه‌ژی رژیمی سه‌رمایه‌داری ، واته‌ فه‌لسه‌فه‌یه‌کی تیکوشه‌رانه‌ی شورشگیرانه‌ی به‌ته‌وژم و کاریگه‌ر بوه‌ ، روخساری چینایه‌تی گه‌ش و دیار بوه‌ .

ماتریالیزمی دیاله‌کتیك و ماتریالیزمی میژویی به‌ردی بناغه‌ی فه‌لسه‌فه‌ی مارکسیزمن .

ئه‌ستونه‌ سه‌ره‌کییه‌کانیشی بریتین له‌ :

(۱) شیکردنه‌وه‌ی چینایه‌تی کومه‌ل و دوزینه‌وه‌ی یاسای خه‌باتی چینایه‌تی و به‌ئه‌نجام گه‌یاندنی خه‌باته‌که‌ . مارکس خوی وتویه‌تی که‌وا پیش ئه‌ویش بونی چینه‌کان و ململانی‌ی نیوان چینه‌کان زانرابون ، به‌لام ئه‌لی "من به‌ ئه‌نجامی ئاسایی خویانم گه‌یاندون" . مارکس ئیسپاتی کرد که‌ خه‌باتی چینایه‌تی ئه‌کشیت و ئه‌بیته‌ خه‌باتی پرولیتاریا ئه‌ژی بورژوازی ، ئه‌بیته‌ شورشی چه‌کداری پرولیتاریا بو روخاندنی سه‌رمایه‌داری و وردوخاش کردن و هاریني بنه‌ره‌تی داوو ده‌زگا ئابوری و سیاسی و جه‌نگی و کومه‌لایه‌تی و نه‌ریت و خو و ره‌وشتی خرابه‌کانی بو هه‌لته‌کاندنه‌وه‌ی بناغه‌کانی ژیرخانی کومه‌ل و تیکدان و روخاندنی سه‌رخانی کومه‌ل ، بو دارشتنه‌وه‌ی سه‌رخانیکی گونجاو له‌گه‌ل به‌یوه‌ندییه‌کانی به‌رهه‌م هینان دا به‌ دامه‌زراندنی دیکتاتوریتی پرولیتاریا و ئینجا نه‌هیشتنی چینه‌کان و سرینه‌وه‌ی شوینه‌واری خرابی کومه‌لنی چین چین له‌ هه‌مو لایه‌نیکی ژیان دا ، له‌ناوبردنی یه‌کجاره‌کی ماکی چه‌وساندنه‌وه‌و زورداری و

جیاوازی نیوان مروف . واته مارکس پاسای خه‌باتی چینایه‌تی وا دارشت که خه‌باته‌که بابه‌تییه ، هه‌ر ئه‌خولیته‌وه تا ئه‌بیته شورشی چه‌کدار ، شورشی پرولیتاریا ، بو داتانی دیکتاتوریتی پرولیتاریا و سه‌رکه‌وتن له دامه‌زراندنی سوشیالیزم و هه‌لته‌کاندنی ره‌گ و ریشه‌و بنه‌ره‌تی زورداری و چه‌وسانه‌وه‌و ئازاردانی نه‌ته‌وایه‌تی چینایه‌تی و پیکهینانی کومه‌لی یه‌کسان له سه‌رانسه‌ری جیهان دا .

لیره‌داچه ندین سه‌ره‌تای بنچینه‌یی مارکسیزم به‌دی ئه‌کریت وه‌کو : پیویستی شورشی چه‌کدار ، پیویستی دیکتاتوریتی پرولیتاریا ، پیویستی دانانی کومه‌لی سوشیالیستی له ئه‌نجامی دریژه‌پیدان و گه‌شه‌پیدانی خه‌باتیه‌وه که بو سه‌رکه‌وتنه‌که‌ی به ناچاری ئه‌بی پرولیتاریا خوی له چینیك دا بخه‌ملینی و ریکخراوی چینایه‌تی خوی دروست بکات به‌تایبه‌تی پارتی شورشگیرانه‌ی پیشره‌وی خوی ، تا خه‌باتی شورشگیرانه‌ی خوی به‌ریوه ببات و پی‌ی سه‌ربخات و تیکرا کومه‌لی مروف رزگار بکات .

(۲) دوزینه‌وه‌ی یاسا ئابوریه‌کانی کومه‌ل ، یاساکانی په‌یدابون و گوران و گه‌شه‌کردنی ژیانی ئابوری و کومه‌لایه‌تی ، یاسای زیده‌بایی ، ژیرخان و سه‌رخانی کومه‌ل ، ته‌نگوچه‌له‌مه‌ی سه‌رمایه‌داری و حه‌تمیه‌تی لابه‌لاکردنی ناکوکیه‌کانی نیوان " هیزه‌به‌رهه‌م هینه‌کان و په‌یوه‌ندییه‌کانی به‌رهه‌م هینان " ، یاساکانی ئابوری سوشیالیزم و دامه‌زراندنی کومه‌لی سوشیالیستی .

(۳) دارشتنی تیگه‌یشتن و گوته‌ی فه‌لسه‌فی راست و دروست له‌سه‌ر ناسین ، گرده‌وه ، هتوه ، ئه‌نجام و لوجیك و شتی تر .

لوجیك به‌پی‌ی لیکدانه‌وه‌ی زانستی پریتییه له " زانستی ئه‌و سه‌رهتا و بنکاته‌ی که ئه‌بی بیر په‌یره‌وی بکات بو ناسینی راستی " لوجیکی دیاله‌کتیکی بریتییه له " جی به‌جی کردنی پروگرامی دیاله‌کتیکی له یاساکانی بیرو شیوه‌کانی دا " ، شیوه‌کانی لوجیکیش بریتین له " تیگه‌یشتن - داوه‌ری - ئه‌نجام ده‌رهینان " .

(۴) ئه‌نگلز ئه‌لی که " لیکولینه‌وه‌ی شیوه‌کانی بیرو لیکولینه‌وه‌ی گوته لوجیکی یه‌کان زور پیویست و به‌که‌لکن .

لینینیزم : مارکسیزمی سه‌رده‌می ئیمپریالیزم و شورشی پرولیتاریایه ، تیوری شورشی پرولیتاریا و دیکتاتوریتی پرولیتاریای به‌ته‌واوی دارشتوه‌و ستراتیج و تاکتیکه‌کانی خه‌ملاندوه . لینین خوی مارکسیستیکی بلیمه‌ت ، تیکوشه‌ریکی شورشگیر ، زانایه‌کی هه‌لکه‌وتوبو که به‌ته‌واوی له مارکسیزم گه‌یشتبو ، وه‌ستایانه به‌کاری هینا ، شاره‌زایه‌تییه‌کی بی وینه‌ی نواند له گونجاندنی دا له‌گه‌ل پیویستییه‌کانی گه‌شه‌کردنی کومه‌ل و سه‌رخستنی خه‌باتی پرولیتاریا و گه‌لانی ژیرده‌ست ، له هه‌لومه‌رجی زه‌مان و زه‌مینی ئه‌وکاته‌دا که سه‌رمایه‌داری به جوریکی وه‌ها گورابو گه‌یشتبوه به‌رزترین پله‌ی خوی ، نزیك لیواری گور واته : ئیمپریالیزم ، که له‌روی بابه‌تییه‌وه هه‌لی له‌باری شورشی پرولیتاریای هه‌لخستبو ، لینین که ماموستایه‌کی بلیمه‌ت و مارکسیستیکی زانا و به‌توانابو له ئه‌نجامی به‌کارهینانی وه‌ستایانه‌ی سه‌رهتا گشتییه‌کانیی فه‌لسه‌فه‌ی مارکسیزم و له‌به‌رچاو گرتنی ئه‌و راستییه‌ی که مارکسیزم باوه‌ریکی وشك و برنگ نییه به‌لکو ریبه‌ری کارکردن و مه‌شخه‌لی رایگه‌ی خه‌باته ، نه‌ك هه‌ر مارکسیزمی پاراست و سه‌رهتا گشتییه‌کانیی بچی هینا بگره گه‌شه‌ی پیدا و خه‌ملاندی . لینین به‌مه گه‌نجینه‌ی مارکسیزمی ده‌وله‌مه‌ندتر کردو قوناغیکی تر پیشی خست و پله‌یه‌کی تر به‌رزی کرده‌وه ، گه‌یاندیه مارکسیزمی سه‌رده‌می ئیمپریالیزم و شورشی پرولیتاریا ، کردی به مارکسیزم - لینینیزم .

لینین به‌م خزمه‌ته گه‌وره‌یه راسپارده‌ی ماموستا گه‌وره‌کانی فه‌لسه‌فه‌که‌ی هینایه‌دی که گه‌شه‌پیدانی مارکسیزم بو .

لینین ده‌ری خست ، مروف بوئه‌وه‌ی ببیته مارکسیستیکی راسته‌قینه ، ئه‌بی باوه‌ری ته‌واوی به راستییه گشتییه‌کانی ، به پاسا گشتییه‌کانی مارکسیزم هه‌بیت و به‌چاکی تییان بگات ، به‌باشی به‌کاریان بهینیت بو لیکدانه‌وه‌ی زودا و ، ده‌رکه‌وته‌و دیارده‌کانی کومه‌ل ، بو لابه‌لاکردنی ژیرانه‌ی گیروگرفته‌کانی ژیانماوه‌رو چاره‌سه‌رکردنی هه‌سه‌له‌کانی خه‌بات و شورش و سوشیالیزم ... هتد ، نه‌ك هه‌رچه‌ند گوته‌یه‌کی مارکسیزم له‌هه‌مو زه‌مان و زه‌مینیك دا ، بو

هه‌مو هه‌لومه‌رج و حاله‌تیك وه‌کو موزبه‌کار بهینیت و ریگه‌ی گه‌شه‌کردن و خه‌ملینی بگریت ،تا وه‌روکه زیندوه‌که‌ی ، گیانه گه‌شه‌کردوه‌که‌ی به‌چه‌ند وشه‌یه‌کی روت و قوت و رسته‌ی وشه‌ی مردوی تاو کتیب بخنکێنیت .

له‌به‌ر ئه‌وه ، مروف بوئه‌وه‌ی له‌م سه‌رده‌مه‌دا ببیته مارکسیه‌کی راسته‌قینه ئه‌بی م - ل به‌ باشی تی بگات ، باوه‌ری پی بهینیت ، له‌ژیان و خه‌بات دا به‌کاریان بهینیت .

جا ئه‌گه‌ر بمانه‌وی م - ل به‌کورتی و به پوختی ته‌عریف بکه‌ین ، ئه‌شی بلێین :

م - ل زانستی ئه‌و یاسا گشتی یانه‌یه که ده‌ستی ئه‌روات به‌سه‌ر سروشت و کومه‌ل و بیری مروف دا ، یاساکانی گوران و گه‌شه‌کردنیان ، یاساکانی شورشی جه‌ماوه‌ری زورلیکراو و ره‌نجده‌ر ، تیوری و تاکتیکه گشتیه‌کانی شورشی پرولیتاریا و سه‌رخستنی سوشیالیزم و دروست کردنی کومه‌لی یه‌کسانی بی چه‌وسانه‌وه ، تا مروف به‌یه‌کجاره‌کی رزگاری ببیت له زورداری و ئازاردانی ئه‌ته‌وایه‌تی و چه‌وساندنه‌وه‌ی چینایه‌تی و جیاوازی .

م - ل زانستیکی زیندوی گیانه له‌به‌رئه‌وه‌یه گه‌شه ، هه‌میشه له پێشکه‌وتن و خه‌ملین دایه ، هیچ کاتیك ناسره‌وێت و وشك ناکات ، به‌لکو هه‌ل له شێن بون و پێشکه‌وتن دایه . له‌گه‌شه‌کردن دا هه‌میشه به‌ره‌ئه‌سیتی و گه‌نجینه‌که‌ی به‌زانین و تاقیکردنه‌وه‌ی نوی ده‌وله‌مه‌ندتر و زیاتر ئه‌بیت . تا دێت راستیه گشتیه‌کانی باشتر ده‌رئه‌که‌ون ، چاکتر ساغ ئه‌بن و بلاوئه‌بنه‌وه ، هه‌روه‌کو هه‌ندی (ئیفه) و (گوته) و (ئه‌نجام گیری) یه‌کانیش سه‌بارەت به گورانی زروف و زه‌مان و جیاوازیه‌کان به‌سه‌ر ئه‌چن و له‌کار ئه‌که‌ون و هه‌ندی (ئیفه) و (گوته) و (ئه‌نجام گیری) نوی جی یان ئه‌گریته‌وه به‌جۆرێك که بگونجین له‌گه‌ل ئه‌رك و فه‌رمانه میژوییه‌نوی کان دا . به‌م پی یه م - ل دوژمنی سه‌رسه‌ختی (جمودی عه‌قائیدی) و وشك بون و ره‌ق هه‌لهاتنی میشك و بیرکردنه‌وه‌ی مروفه . هه‌رگیز باوه‌ری به‌وه نییه که چه‌ند (گوته) و (ئیفه) و (ئه‌نجام گیری) زه‌مان و زه‌مینیکی ذیاریکراو به‌ وشك و برنگی له قالبیکی ئه‌گوری ئاسنین دا تا سه‌ر قه‌تیس ئه‌مینی و له هه‌مو زه‌مان و زه‌مینیکی جیاواز دا به‌هه‌مان شیوه‌ی کون به‌کاربدرین و هه‌تا هه‌تایه ناگوردرین و نامرن . بوئه‌وه‌ی راستیه گشتیه‌کان و یاساکانی م - ل وه‌ستایانه به‌کار بهینرین ئه‌بی بگونجینرین له‌گه‌ل هه‌لومه‌رجی زه‌مان و زه‌مینی نوی و جیا جیا دا ، له‌گه‌ل خاسیه‌ته تایبه‌تیه‌کانی هه‌ر کومه‌ل و هه‌ر ولاته‌دا ، له‌گه‌ل چه‌شن و شیوه‌ی بزوتنه‌وه‌ی هه‌ر میلله‌ته‌و گه‌شه‌کردنی تایبه‌تی هه‌ر گه‌لێك دا .

به‌لام ئه‌و راستیه وه‌ها ناگه‌یه‌نیت که سه‌ره‌تا و یاسا گشتیه‌کانی م - ل هه‌لبته‌کینریته‌وه و بشیوێنریت و تێك بدریت . چونکه پێشیان بونه‌وه له سه‌ره‌تا و یاسا گشتیه‌کانی م - ل ، یاخود شیواندن و تێکدانیان ، به‌لاوه‌نان و ده‌س لی هه‌لگرتنیان ریفیزینیزمه که راسته‌وخو به‌پیچه‌وانه‌و دوژمنی راسته‌قینه‌ی م - ل ه . گه‌شه‌کردنی م - ل به‌وه ئه‌بیت که هه‌ر له‌سه‌ر بنج و ره‌گ و ریشه‌ی خوی شین تر ببیت ، بپشکویت و بگه‌شیته‌وه نه‌ك به‌وه‌ی که ئه‌و ره‌گ و ریشه ببردریت وه‌کو ریفیزینیسته‌کان ئه‌یانه‌وی بیکه‌ن به‌ناوی گه‌شه‌پیدان و گونجاندنه‌وه له‌گه‌ل هه‌لومه‌رجی نوی .

## بوچی مارکسیزم - لینینیزم راست و ره‌وایه ؟

م - ل به‌ری پالاوتن و پوخته‌کردنی راستیه گشتیه‌کانی فه‌لسه‌فه‌و زانسته جیا جیاکان و سوشیالیزم و ئابوری سیاسی پێش مارکس و ئه‌نگلزه ، به‌ری گه‌شه‌کردنی کومه‌لی مروفایه‌تی و هوشیاری سه‌رده‌می سه‌رمایه‌داری و زایه‌رینی ئه‌وروپایه ، به‌چه‌شنیك که توپه‌له‌ی گه‌شه‌کردنی زانسته‌کان و فه‌لسه‌فه‌یه دوای رزگارکردنیان له ته‌پوتوزی ئایدیالیزم و میتافیزیك و کاکله‌ی یاساکانیانه که به شیوه‌یه‌کی داهێنه‌رانه‌و ئازایانه‌و ژیرانه به بلیمه‌تی مارکس و ئه‌نگلز داریژراونه‌ته‌وه . مارکس و ئه‌نگلز کاکله‌و یاسا راست و دروسته گشتیه‌کانی زانسته‌کانی سه‌رده‌می خویان و بنچینه راسته‌کانی دیالەکتیکی هیگل (که‌سه‌ره‌وخوار دانرابون و ئه‌وان - خستیانه‌وه سه‌ر قاچه‌کانی خوی) و ماتریالیزمی فویه‌رباخ (که ئه‌وان پالاوتیان و گه‌شاندیانه‌وه) و پوخته‌ی تاقیکردنه‌وه‌کانی خه‌باتی مروفایه‌تی به‌گشتی و هی پرولیتاریا به تایبه‌تی

کوکرده‌وه‌و داهینه‌رانه‌و به‌ریك و پیکی دایان رشته‌وه ، دوای لیکولینه‌وه‌و توژینه‌وه و پشکنین و ره‌نجیکی بلیمه‌تانه‌ی زور و ها وبه‌شی کردنی شورشگیرانه‌و ژیرانه له خه‌باتی چینی کریکاری نوی ، توانیان که بنچینه‌و ته‌لاری فه‌لسه‌فه‌یه‌کی راست و ره‌وا پیك بهینن که به‌ناوی کارل مارکسه‌وه ناونرا مارکسیزم . هه‌رچه‌نده فریدریك ئه‌نگلزی بلیمه‌ت و ژیرو تیکوشه‌ری ها وتاشی ها وبه‌شییه‌کی داهینه‌رانه‌ی کردوه له‌مه‌دا ، به‌لام ده‌رزی خوی وتوویه‌تی ده‌س پیشکه‌ر و خه‌م لینه‌ری سه‌ره‌تا گرنگه‌کانی بوه . له‌به‌ر ئه‌وه هه‌ق هه‌ر وه‌ها بو که به‌ناوی ئه‌وه‌وه بیت . به‌م جوره مارکس و ئه‌نگلز پیکه‌وه فه‌لسه‌فه‌و سه‌ره‌تا و یاسا گشتییه‌کانی مارکسیزمیان بلیمه‌تانه داهینا و دارشت ، نه‌به‌زانه خه‌باتیان کرد بو زون کردنه‌وه‌و به‌کارهینانی ، بو بلاوکردنه‌وه‌ی له ریزی پرولیتاریا و روشنبیرانی شورشگیردا .

فلادیمیر ئیلیچ ئولیانوف (لینین) یش له‌سه‌رده‌می خوی دا ، سه‌رده‌می ئیمپریالیزم و شورشی پرولیتاریا ، مارکسیزمی له شیواندن و تیکدان پاراست ، به‌جوریکی داهینه‌رانه گه‌شه‌ی پی‌دا و زیاتر خه‌ملاندی . ستالین و دیمیتروف و ماوتسی تونگ و هوشی مینه‌ش ژیرانه‌و وه‌ستایانه تی‌ی گه‌یشتون و یاسا گشتییه‌کانیان جی به‌جی کردو بلیمه‌تانه گونجاندویانه له‌گه‌ل هه‌لومه‌رجی ولاتان و خاسیه‌ته تایبه‌تییه‌کانی گه‌له‌کانی خویان و دنیادا و هه‌ندیکیان زور شتی گرنگ و نوی و به‌نرخیان خستوته سه‌ر گه‌نجینه‌ی م - ل . به‌لام لینین ئه‌وکه‌سه‌بو که هه‌م له‌روی تیوری یه‌وه ، هه‌م له روی ستراتیج و تاکتیکه گشتییه‌کانه‌وه ، هه‌م له روی گوته‌و تیگه‌یشتنی فه‌لسه‌فییه‌وه گه‌شه‌ی به مارکسیزم داوه ، به‌جوریکی ئه‌وتو که به‌رزی کردوته‌وه بو پله‌یه‌کی هه‌ورازتری وه‌ها که شایسته‌ی ئه‌وه‌یه پی‌ی بوتریت مارکسیزم - لینینیزم .

تاقیکردنه‌وه‌ی خه‌باتی پرولیتاریا و گه‌لانی زورلیکراو ، بوزینه‌وه‌و گه‌شه‌کردنی زانسته جیاکان و ته‌جروبه‌کانی به‌کارهینانی یاساکانی م - ل له ژیان و خه‌بات دا ، سه‌رکه‌وتنی شورشی ئوکتوبه‌ری روسیا و شورشی چین و چه‌ندین ولاتی تر ، ده‌ری خستوه که م - ل :

(۱) " راست‌ترین و زانستی ترین و شورشگیرترین راستییه‌کانه ... که له واقیعی بابه‌تی یه‌وه هه‌لقولاوه‌و راستی و دروستیشی له واقیعی بابه‌تی دا ساخ بوته‌وه " . ماموستاکانی م - ل بلیمه‌تانه‌و زیره‌کانه ورد بونه‌ته‌وه‌له (وقائع) و (وجود) و له‌وانه‌وه (حقائق) یان هه‌لهینجاوه ، بوینه سه‌ره‌تاکانی م - ل (ئه‌نجام گیری گشتییه‌که له رودا وی میژویی و رودا وه شورشگیرییه‌کانه‌وه ده‌رهینراوه) و " له خه‌باتی چینایه‌تی‌وخه‌باتی جه‌ماوه‌ری و ته‌جروبه‌ی زانستی جورا وجور " به جوریك که " ته‌جروبه‌ی گشتی بزوتنه‌وه‌و خه‌باتی پرولیتاریا و جه‌ماوه‌ری شورشگیری گه‌ل " یان پوخت کردوته‌وه‌و به شیوه‌ی (قواعد) و راستییه گشتییه‌کان له‌سه‌ره‌تا و یاسای زانستی دا دارشتوته‌وه . به‌م جوره م - ل هه‌ر راستی کوکردوته‌وه‌و راستی ده‌رئه‌برینه‌وه .

(۲) دیارده‌و رودا وه‌کانی سروشت و کومه‌ل و بیر وه‌کو خویان ، وه‌کو هه‌ن ، چون په‌یدئه‌بن و ئه‌گورین و گه‌شه ئه‌که‌ن و ون ئه‌بن ، ئاوه‌ها له میشکی مروف دا ئه‌نوینیته‌وه‌و به‌چاکی ده‌ریان ئه‌بریته‌وه به بیری مروف و ئه‌یخاته‌وه به‌ر چاومان بی ئه‌فسانه‌و بی فیشال ، بی لی داشکاندن و خستنه سه‌رابی ده‌سکاری‌وده‌ستتیوه‌ردان ، واته چی هه‌یه‌و چی راسته هه‌ر ئه‌وه ده‌رئه‌خاته‌وه .

(۳) په‌یوه‌ندییه‌کانی نا و به‌شه‌کانی ئا وه‌روکی دیارده‌و رودا وه‌کانی سروشت و کومه‌ل و بیر وه‌کو خویان به راستی و دروستی ده‌رئه‌خات ، نه‌ك روپوش و روخساریان یان دیوی ده‌ره‌وه‌یان ئه‌بینیت و تی ئه‌گات و ئه‌ناسینیت ، به‌لکو ناوه‌روك و کاکله‌که‌شیان ئه‌زانیت و ده‌رئه‌بریت : واته هیچ راستییه‌کی لی ناشاردریته‌وه ، دیوی ده‌ره‌وه‌و ناوه‌روکی ناوه‌وه‌ی هه‌موشتی ئه‌ناسینت .

(٤) یاساکانی گوران و گه‌شه‌کردنی سروشت و کومه‌ل و بیری مروفی دوزیوه‌ته‌وه‌و هونیوه‌ته‌وه و ژیرانه دای رشتوته‌وه بو به‌کارهینانیان له‌پیناوی رزگارکردنی مروف دا له زولم و زوره چه‌وساندنه‌وه‌ی نه‌ته‌وایه‌تی و چینایه‌تی و ئایینی و هه‌موشیوه‌یه‌کی تر ، له‌پیناوی ئازادی و سه‌ربه‌ستی و وه‌ك یه‌کی راسته‌قینه‌ی مروف دا ، له‌پیناوی به‌ختیاری و شادی و ئاسوده‌یی ته‌واوو

تا سه‌ری مروف دا ، له کومه‌لی یه‌کسان دا . واته م - ل دوژمنی سه‌رسه‌ختی هه‌مو جوره زولم و زور و چه‌وساندنه‌وه‌و ئازاردان و دواکه‌وتن و کونه‌په‌رستی یه‌که ، تیکو شه‌ری نه‌به‌زو کولنه‌ده‌ری ریگه‌ی رزگاری و کامه‌رانی و یه‌کسانی کومه‌لان و خه‌لکه‌کانی جیهان .

(٥) ری و شوین و به‌رنامه‌و ریبازی دوزینه‌وه‌و هه‌لینجانی راستییه‌کان له (وقائع) ه کان (البحث عن الحقیقه من الوقائع) و شیکردنه‌وه‌ی ته‌واوی (موجودات) ه لیکدانه‌وه‌و تیگه‌یشتنی راست‌و ره‌وای دیارده‌و رودا وه‌کانی ته‌بیعه‌ت و کومه‌ل و بیرمان بو دیاری ئه‌کات‌وه پینیشان ئه‌دات بو ئه‌وه‌ی له ده‌وروبه‌ری خومان بگه‌ین و کومه‌لی خومان و شیوه‌و و جوری خه‌باتی خومان بزانین ، وه ئه‌م یاسا و سه‌ره‌تا راستانه‌ی که پینیشان داوین به‌کاربهینین له خه‌باتی چینا‌یه‌تی و نیشتمانی و به‌رهه‌م هینان و تاقیکردنه‌وه‌ی جیا جیا و جیاوازه‌کانی ژیان دا . م - ل مه‌شخه‌لیکه بو روناك کردنه‌وه‌ی ریگه‌ی خه‌باتی مروف له ژیان دا ، له خه‌باتی چینا‌یه‌تی و نیشتمانی دا ، له تاقیکردنه‌وه‌ی زانستی دا ، له‌به‌رهه‌م هینان دا .

که‌واته م - ل راست‌ترین و زانستی ترین و شورشگیر ترین راستییه‌کانه که له واقیعی - بابه‌تییه‌وه هه‌لقولاوه‌و راستی و دروستیشی له واقیعی بابه‌تی دا ساخ بوته‌وه .

- ماویه‌تی بو ژماره‌یه‌کی تر -

مانای وشه گرانه‌کان

بابه‌تی : موضوعی
بیر : فکر
پروگرام : منهج
په‌یوه‌ندییه‌کانی به‌رهه‌مهینان : علاقات الانتاج
تیوری : نظریه
تیگه‌یشتن : مفهوم
هه‌لومه‌رج : ظروف
میزه به‌رهه‌مهینه‌کان : القوی المنتجه
هوش : وعی
یاسای زیده‌بایی : قانون فائض القیمه

نورین : نظره
ناسین : معرفه
سه‌ره‌تا : مبداء
سه‌رخان : البناء الفوقی
سروشت : الطبیعه
ده‌رکه‌وت ، دیارده : ظاهره
داوه‌ری : حکم
گه‌ردون : کون
ئایدیالی : مثالی
ماتریالی : مادی
لوجیك : منطق
ریفیژنیزم : التحریفیه

× × × ×

ده‌رچو له خاکی کوردان
حیزبی به‌عسی بی ویژدان!

ئه کو به‌شیك له‌و هه‌راوهوریایه‌ی که ره‌گه‌زپه‌رسته‌کانی عیراق هه‌میشه بو زلگردن و پشتیوانی کردنی به دروی بریاره بی جی و فاشیستی‌یه‌کانیان دروستی ئه‌که‌ن ، ئه‌م جاره‌ش به‌زور له‌سه‌ری مانگی کانونی یه‌که‌م دا مناڵانی مه‌کته‌ب و کومه‌ڵانی خه‌ڵکی یان کوکرده‌وه گوایه بو پشتیوانی له " حمله‌ی مکافحه‌ی امی " هوتاف ودروشمی ره‌گه‌زپه‌رستانه و فاشیستی یانه‌یان به زور به خه‌ڵکه که ئه‌گوت ، به‌ڵام زوری ئه‌م گوبوونه‌وه‌و خوپیشاندانانه ئه‌نجامی پیچه‌وانه‌یان هه‌بو ، له کوبوونه‌وه‌کانی سلیمانی‌دا له‌به‌رامبه‌ر هوتافه فاشیستییه‌کانی دوژمن دا خه‌ڵکی به‌یه‌ك ده‌نگ‌ها واریان ئه‌کرد :

ده‌رچو له خاکی کوردان  حیزبی به‌عسی بی ویژدان

× × × ×

ها ونیشتمانانی به‌شه‌ره‌ف!
ئه‌ی ئازادیخوازانی دنیا!
وه‌رن به ده‌نگ ئازادیخوازانی کوردستانه‌وه ،
تی بکوشن بو ئازادکردنی گیراوه سیاسییه‌کان له زیندان!